# بیرەوەرییەکانی مامۆستایەک

نووسینی

مەنسوور یاقووتی

وەرگێڕانی

عەزیز گەردی



نارین

بسم الله الرحمن الرحيم

نارین

# بیرەوەرییەکانی مامۆستایەک

مافی لە چاپدانی پارێزراوە بۆ نووسەر


| | |
|---|---|
| نـــــاوی کتێـــــب: | بیرەوەرییەکانی مامۆستایەک |
| نووســــــــینی: | مەنسوور یاقووتی |
| وەرگێڕانـــــــــی: | عەزیز گەردی |
| کۆمپیۆتەرو هەڵەبژێری: | وەرگێڕ |
| نەخشەسـازی نـاوەوە: | کۆمپیوتەری نارین (محمد علی) |
| نـۆرەو سـالّی چـاپ: | یەکەم، ٢٠١٤ |
| ژمـــارەی ســپاردن: | (١٧٦٨)ی ساڵی (٢٠١٤)ی پێدراوە |

نارین

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

هەولێر: بازاڕی زانست بۆ کتێب و چاپەمەنی

website:www.nareenpub.com
nareenpub@gmail.com
تەلەفۆن: ٦٦ ٢٥١١٩٨٢ (٠٠٩٦٤)
مۆبایل: ٠٠٩٦٤ ٧٥٠٤٠٦٤٦١٠

# بیرەوەرییەکانی مامۆستایەک


نووسینی

مەنسوور یاقووتی

وەرگێڕانی

عەزیز گەردی



نارین

## (١)

ئیتر بێزار ببووم. هەستم دەکرد ناتوانم لەم پێنج ساڵە زیاتر لەم گوندەدا بمێنمەوە. شەوێ لە شەوانی کانوونی دووەم بوو. بە دڵێکی بێ ئۆقرەو بە دڵەراوکەو بە غەمباری، دانیشتمو داوایەکم نووسی بمگوازنەوە بۆ شارۆچکەی(س). لە کاتی نووسینی داواکەدا، دەستو دڵم دەلەرزی. تاقەتپڕوێن بوو دڵبەرداریی منداڵانی گوند، منداڵانی سەرچاوەی جۆشو خرۆشی خۆشەویستیم ببم.

هەر دەتگوت بەیانی رەزامەندی لە سەر داوای گواستنەوەکەم دەدەن. شەو تا بەیانی، بە داماویو خەفەتخانی، لەبەر پەنجەرەی ژوورە بچووکەکەم دانیشتمو چاوم بڕییە (مادیان کۆ) کە مانگ تریفەی بەسەردا بڵاو دەکردەوە. چریکەی باڵندەیەك لە ناو جەرگەی بێشەی تەك قوتابخانەوە دەهات. ئاوی رووبار بە تاوێرەبەردان دەکەوتو دەنگی دادەشکایەوە ژووری.

شارۆچکەی (س) لەو دیو (مادیان کۆ) پاڵ کەوتبوو. شار نا، زەلکاوی نەزانیو خەرافات، کانگای ریشو تەسبیح. تابلۆیەك بوو. لەلایەکەوە، حاجی پارەدار ریزیان بەستبوو و لە لاکەی ترەوە، ریزی حەمباڵی جلشڕو توێژە بێ نەواکانی شار بوو. شار، نە شانۆیەکی لێ بوو، نە سینەمایەك، نە کتێبخانەیەکی دروستو تەواوو نە کارخانەیەك

کە دابنیشیو سەیری دووکەڵکێشەکانی بکەیو گوێ لە نەڕەی دڵی پڕ گوڕو تینی بگرییو تەماشای ریزی کرێکاران بکەی کە بە سەربەرزیو بوغرایی دەچنە کارخانە بۆ ئەوەی (پلانی نوێ) جێ بە جێ بکەن.

لە پشت پەنجەرەوە، وەکوو کرمانجێك وا بووم کە بۆ دواجار ماڵاوایی لە زەوییو زێدی خۆی بکاو بە ناچاری سەرەسمك لە هەموو بیرەوەرییەکانی بداو بە گەروویەکی پڕ خەفەتی رەشو دڵێکی پڕ رقی بەجۆشو بە یەك بار غەمو مەینەت، گوێ لە مۆسیقای تێکدەری کۆچ بگرێ.

لەبەر رووناکی کزی لەمپادا، داوای گواستنەوەکەم لە ناو دەستم هەڵگلۆفتو فرێم دایە سووچێکی بن تەختی سەفەریم.

سبەینان، زەردە لە سەران بوو، منداڵ، لەبەر کزەبای ساردی دڵتەزێنی کانوونی دووەمدا، بە پێی بێ گۆرەوی کە لە ناو پێڵاوی لاستیکی کۆن دەقەسرییو بە بێ چاکەتو بە تای تاقە کراسێك، لە بن دیواری قوتابخانە کۆ دەبوونەوە. هەڵدەلەرزینو چاوەڕێیان دەکرد مامۆستا دەرگا بکاتەوەو خۆیان بخزێننە ناو پۆلی ساردو تەڕو شێدارو لە دەوری سۆپای رۆژگاری کۆن ئەڵقە ببەستنو مامۆستا، بە دڵی پڕ لە گریان بۆ جلی شڕو وڕیان، بە روویان بگرژێتەوە.

بەڵام من کاسەی سەبرم پڕ ببووو لێی دەڕژا. ورەم شەکەتو هووردو هەڕا ببوو. لە بەیانییەوە تا ئێوارە، ئێوارەی چی؟ تا بەترێکی شەو دەچوو، خەریکی دەرزگوتنەوەی قوتابخانەی پێنج – پۆلی بوومو بە هیچ کوێ نەدەگەیشتم. منداڵانی پۆلی پێنجەم تەنانەت ئەلفو بلێی فارسییان نەدەزانی. لە هەموو شوێنێکدا، مەسەکە تا رادەیەك بەم جۆرە بوو. دەبوایە بۆ چوونەتاقی کردنەوەی کۆتایی ئامادەیان بکەم. باوکەکانیان پێنج ساڵ بوو چاوەڕێیان دەکرد منداڵەکانیان بڕوانامەی دەرچوونی پۆلی پێنجەم لە بن هەنگڵ بنێنو ئەگەر توانییان – زۆربەشیان نەیاندەتوانی – منداڵەکانیان رەوانەی شار بکەن بۆ ئەوەی بە تەنیاییو غەریبیو بە دەم هەزاران گیروگرفتەوە، لە خوێندن بەردەوام بن: گیروگرفتی ئەنواو دووری ماڵەوەوگیرۆدەبوونی پەنجەی رەشی فلیمی سواوو تەلەفزیۆنو گرفتاربوونی پەنجەی شوێنی گەندەڵو توێژی گەنیوی شارو...دەبوایە بە نانو پەنیر قنیات بکەنو بێ بەش لە هەموو شتێ، بەڵێ، لە هەموو شتێ، بەڵکو بتوانن بڕوانامەی پۆلی سێیەم بە دەست بێننو ببن بە کادیری سوپاو قەناعەت بکەن کە ژیان یانی: بوون بە خودانی تەلەفزیۆنو ترومبێلی بە قستو رایەخی ژێر پێو بێ غەم لە غایەلەی ئەنوایەك.

دوور کەوتمەوە !

هەر ڕێگایەکی بە کارم دەهێنا گیروگرفتی بەڕێوەبردنێکی ڕێکو پێکی قوتابخانەیەکی پێنج - پۆلی چارەسەر نەدەبوو. لە گیانو لە ژیانو لە حەسانەوەی خۆم دەمگرتەوەو هەموو توانایەکم دەخستە گەڕ، بێ فایدە بوو. ڕاستییەکەی، چۆن دەکرێ؟ لە ژوورێك، جگە لەوەی کزەبای پایز لە هەموو لایەکەوە دێتە ژوورێ، لە تیری روناکی تێدا نییە، کە بەفر زەوی دادەپۆشێ، مانگەو مانگ ڕەنگی تەباشیر نابینین... بەلێ، لەو باردۆخەدا چۆن دەکرێ بابەتەکانی خوێندن بە چاکی بلێینەوە؟ ئەویش بەو مندالانەی هەر هێندە لە قوتابخانە چوونە دەرەوە، ئەگەر بەهار بێ، چەند سەر مەڕێك بە پێش خۆیان دەدەنو بۆ لەوەڕ دەیانبەنە دەشتو دەرو دەچنە سراویێو لە مالەوە یارمەتی دایبابیان دەدەنو گیاو ئالیك بۆ مەڕو مالات دابین دەکەنو هۆر گەسك دەدەنو...

بۆ نموونە ئەگەر بابەتی وانەکە (مەشرووتییەت) بێ، ئایا قەت دەکرێ، بە بیانووی نەبوونی وەخت ، بە مندالان نەلێی شۆرش یانی چی؟ شۆرشی (مەشرووتییەت) بۆچی بەرپا بوو؟ بە چ قۆناغێکدا تێپەڕی؟و بە کوێ گەیشت؟ ئایا دەکرێ باسی سووری ئیسرافیلو مەلیکول موتەکەللیمینو دهخداو عارفو عشقیو حەیدەر عەمۆ ئۆغلیو باسی کۆتایی (مەشرووتییەت) نەکەی؟ یان بە سەر نادر شاو

ئەوانەدا تێبپەڕی‌و تەنیا باسی مێژووی لە دایکبوون‌و وەفات کردن‌و باسی جەنگەکانیان بکەی؟ بەو بیانووەی لە توانادا نییە لێپرسینەوە لە ئەستۆی خۆت لا بدەیت. ئیتر ببی بە داردەست؟ یان بۆ نموونە لە وانەی( مایە لە چ پێك هاتووە؟)دا، تەنیا بەوەندە واز بێنی کە مایە لە مولکول‌و مولکولیش لە ئەتۆم دروست بووەو شێوەی مولکولەکان لە شلی‌و گازی‌و رەقیدا بەو جۆرەیەو...دڵنیا بی کە فێر کردن یانی گوتنەوەی تیوورگەلێکی پوختەی وەکوو ئایەت‌و وەکوو وانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست‌و هەر چەند مانگ تاقی کردنەوە بکەیت‌و بە دارکاری‌و رووشکاندن‌و سووکایەتی، قوتابی ناچار بکەی نمرە بێنێ. یان بڵێی (گۆڕ بە گۆڕ چی قوتابی، نمرەی هێنا، هێنای، نەیهێنا، ئەسکوردی شکێ‌و چاوی دەرێ!) ئایا دەکرێ لەو وانەیەدا، دوو رێبازە گرنگەکەی فەلسەفە، یانی بیرەکی(ئایدیالی)و مایەکی(مەتریالی) بۆ منداڵ باس نەکەی؟ ئاخر بە چ کەلکی قوتابی دێ کە هەر ئەوەندە بزانێ مایە لە مولکول پێك هاتووە؟

باسی کام برین بکەم؟

باسی ئەوە بکەم کە مامۆستاکان خۆیان پێویستیان بە فێربوون هەیە؟ باسی ئەوە بکەم دەردی ژیانیان ئەوەیە ژیانیان مسۆگەر نییە؟

ئاخر مامۆستا دەبێ بە ئارەزوو، نەك بە رێکەوتو ناچاری، کاری مامۆستایەتی هەڵبژێریێو راستەقینەی تفتو تاڵ ئەوەیە زۆربەی ئەو کەسانەی روو دەکەنە کاری مامۆستایەتی هۆی وەکوو ئەمانەیان بە دەستەوەیە:

١ — گەڕان بە دوای ئیسراحەتو پشووی هاوینەو دەوامی نیورۆژە.

٢ — دەستیان لە هیچ شوێنی دی گیرنەبووە. لە گەڕان شەکەتو لە بێکاریو پیاسەی جادە بێزار بوونە. تخیان لێ کردووە: هەر هیچ نەبێ نانی دەوڵەت دەخۆینو دوارۆژێکمان دەبێو مامۆستایەتی پەیوەندی سەرۆكو ژێردەستەی تێدا نییەو خۆمان ئاغای خۆمانینو کەس ناڵێ دوو برۆتان بە سەر چاوەوەیە.

٣ — نەیانتوانیوە لە خوێندن بەر دەوام بن، زیاتر بە هۆی ئەوەوە کە نەیانتوانیوە— بە زۆریش بێ — لایەنی تیۆری وانەکان لە مێشکی خۆیان بئاخنن‌و نمرە وەربگرن‌و بچنە پۆلی هەورازتر. ئیدی چەند ساڵ لە یەك پۆل ماونەتەوە. نائومید لە کتێبو وانەو قوتابخانە. تێر لە جوێنی چاوەدێرو زەبروزەنگی مامۆستا کە وا دەزانێ ئەگەر سفری ئینگلیزی بکا بە بە یەك، نانی دەبڕن‌و دونیا سەراوژێر دەبێ...بەڵێ، چوونەتە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی، لانی کەم، لەوێ، نانو

ئاوێك‌و ڕۆژانەیەك هەیەو پاشانیش، بە هەر جۆرێ بێ، بە مووچەی کەمی مامۆستایەتی ڕۆژگار دەقەتێنن.

دوور ناکەومەوە! نازانم، ڕاستییەکەی چ قەوما بوو، من کە دڵم لە گەڵ دڵی خەڵکی گوند لێی دەدا، من کە لە هەڕەتی خورتی‌و گەنجێتی‌و لە ئەشقی منداڵە بەشخوراوەکان، چەند سەعات لە بەر بەفرو کرێوەدا دەڕۆیشتم بۆ ئەوەی لە شارەوە، بۆ نموونە کتێب، یان تەباشیر، یان نەوت پەیدا بکەم‌و بە منداڵانی بگەیەنم، بەڵێ ... لە هیکەوە بڕیارم دا واز لە گوند بێنم‌و بێ گوێدانە گریەو زاری منداڵان‌و تکاو ڕجای پیرو بەساڵاچووان، دڵ بە ئەفسوونی شار بسپێرم بەو بیانووەی وانە وتنەوە لە شار تەك پۆلییەو باشتر دەتوانم سوود لە تواناو کاتی خۆم وەربگرم.

بۆچی پەردە لە سەر هەڵکەوت‌و کەتوار لا نەدەم؟ بەدکار بیانوویان دەکەوێتە دەست؟ خوا بکەم سەد جار بیانوویان دەکەوتە دەست!! بەدکار هەمیشە بیانوو دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی بۆ بە هەڵەبردن‌و سەرکوت کردنی خەڵك بە کاری بێنن.

بەم دواییە، یەک کۆمەڵە بابەت کۆبوونەوە، مێشکیان وردو خاشو خەیاڵیان پەرێشان کردم. وام لێ هاتبوو بێ دەستی خۆم لەگەڵ منداڵان توندو تووڕە بووم! بە بچووکترین شت هەڵدەچووم. ئیتر نەمدەتوانی کەشێکی لەبار لە ناو پۆل دروست بکەمو کارێکی وا بکەم منداڵەکان لە ناخی دڵەوە پێ بکەنن. پێکەنینێکی وا بیرو ڕۆحی پێ دەوڵەمەند ببێ. سزای جەستەیی منداڵانم دەداو پاشان، پەشێمان دەبوومەوەو بە خەفەتخانیو سەرکزی خۆم دەخزاندە ژوورە ساردەکەمو هۆڕ هۆڕ دەگریام. شەو، لەبەر پەشێمانی خەوم لێ نەدەکەوت. جوێنم بە خۆم دەدا، دەمگوت: (توخوا ئەتۆو مامۆستایەتییان گوتووە؟ هەی خاکت بە سەر! ! قەت داناپرژێیو شەرم لە خۆت ناکەیتەوە؟! ! تۆ چ جۆرە مامۆستایەکی؟ جلی شڕو وڕی ئەم زارۆیانە نابینی؟ پێی پەتیو رووی زەردو چاوی ڕەشو غەمگینیان نابینی؟! تۆ بۆچی خۆت کارکەنار ناکەی؟ دەتەوێ بەم جۆرە منداڵان پەروەردر بکەی؟ دەک خاکت بە سەر! !

خۆمم تەفرە دەدا. دەمگوت بەیانی رووم لەگەڵیان خۆش دەبێ؟ تەوازۆیان بۆ دێنمەوە. دڵیان بۆ خۆم رادەکێشم. تۆڵەی هەڵەو چەوتییەکانم دەکەمەوە.

لە ژوورەوە، جگەرەم دەکێشاو لە سەرمان هەڵدەلەرزیم‌و سینگم لەبەر کۆکەی پەی دەر پەی هەڵدەتەکاو خەوم لێ هەڕ دەماو سەرکۆنەی خۆمم دەکرد. بەیانی تا چەند سەعاتێك رووم گەش‌و خۆش بوو، بەڵام وردە وردە هەمان توندی‌و تووڕەیی نەفرەتی چاوی کوێرو دڵی رەش دەکردم. لە بیرم نەدەما شەو چ پلانێکم دانابوو و چ بیرێکم کردبووەوەو چ دانێکی پەشێمانیم لە جەرگی خۆم گیر کردبوو... بە راست، نازانم بۆچی وام لێ هاتبوو؟! خۆ من پێشتر وا نەبووم؟! ئەی من هەمان مرۆڤی ساڵی یەکەمی مامۆستایەتی نەبووم؟!

حەفتەیەك بوو لە شار بووم. رێك لە هەرەتی زستان، لە ژێر سەرماو بەفرو کرێوەدا، رایانکێشامە ساواك‌و گوتیان: سەرت شۆڕ کەو ملت راکێشەو هەقت بە سەر خەڵکەوە نەبێ. دەرزی خۆت بڵێرەوەو خۆت تێکەڵ شتی دی مەکەو وەکوو تووتی دەستەمۆ چی پەروەردەو فێر کردن پێی گوتی، تۆ بڵێ بەڵێ‌و... ئەو شتە تڕوهاتانە! دوایان لێ کردم تووتی بم، نەك هەڵۆ. دەرز لە رێوی وەربگرم، نەك لە پڵنگی سەرکەش کە لە سەر تیشە شاخان قەڵەمباز بۆ مانگ داوێ. وەکوو مشك لە ناو کونی ژیانی بە قست رۆژگار بقەتێنم‌و ئامرازێکی کەڕو کوێر بم.

با لەوە گەڕێین!

بێزار لە هەلیتو پەلیتو هەڕەشەو گوڕەشەودرۆو فڕو فیشاڵ، رووم کردە شاری (س) بۆ ئەوەی لەوێوە بچمە گوندو لە گەڵ منداڵان بەشی خۆمان ئاگری ژیان بە داگیرساوی بپارێزین.

رێگا، لەبەر بەفر بارینی بەردەوامو بێ ئامان، گیرا بوو. پاسەکە لە نیوەی رێکا گەڕایەوە. بەیانیش، تا نیوەی رێگا رۆیشتو خەریك بوو بگەڕێتەوە. من دڵم بۆ دیدەنی منداڵان کورکەی دەکرد. دەتگوت نەك چەند ساڵە، بەڵکە چەند سەدەیەکە لێیان دابڕاوم. دوو جانتای پڕ کتێبو دەفتەرو قەلەم دارو دیاریو وردەواڵەی خۆمم پێ بوو. بیست کیلۆ مەتر رێ ما بوو بۆ شارو لەوێوەیش تا گوند دەوری سی (٣٠) کیلۆ مەتر دەبوو. شەوقو ئارەزووی دیدەنی منداڵان ئاگری لە هەناوم بەردابوو. لە پاس دابەزیمو بێ گوێدانە تکای لێخوڕەکەو رجای نەفەرەکان کە حەولیان لەگەڵ دام نەیکەم بە (شێتاتی)و لە رۆیشتن پەشیمانم بکەنەوە. ملم بە ناو بەفرەوە نا. چەند هەنگاوێك نەرۆیشتبووم، تا ئەژنۆ لە بەفر ختم بووم. یەکێ گوتی:

– جەناب کوێوە دەچی؟ گورگ هەڵتدەدڕێ!

یەکێکی تر گوتی:

– زستان متمانەی پێ ناکرێ، دۆستو دوژمن نازانێ!

یەکێکی دی گوتی:

– پەلەی چیتە؟ گۆر بە گۆڕ چن منداڵ! بۆ کێی دەکەی؟ بگەڕێوە!

یەکێکی دیکە گوتی:

– دەگەڕێتەوە. فیلیش بێ، لە ناو ئەم هەموو بەفرە دەرنابا!

پیرەمێرێك گوتی:

– رۆستەمیش بی، لە ناو بەفر گیر دەخۆی!

من چارە ی نیگەرانی منداڵانو خەڵکەکەم دەهاتە بەر چاو چۆن چاوەڕێ دەکەن. لە سەر بانان هەڵتروشکاون، یان وەستاونو چاو بە کوێرەڕێی بەفرپۆشدا دەگێڕنو پستە پست لەگەڵ یەکدی دەکەن. ئاسمان یەك تیسماڵە هەوری لەبەر نەبوو. کزەبایەکی ساردی دەهات. چەند سەعاتێکی مابوو بۆ نیوەڕۆ. دەشتو دەرو زوورگو هەڵەتو پەڵەتو شاخی بەرزو نزم کەوتبوونە ژێر بەفرێکی ئەستوور. دەبوایە بڕۆم. رۆیشتن لە راوەستان باشتر بوو. خەنجەرێکی تیژم پێ بوو. یانی

هێزی دڵ. سینگی بەفرم شەق کرد. لە تەپۆڵکەیەك تێپەڕیم. لەو دەشتە هەراوەدا، جگە لە بریقانەوەی بەفرو شوون پێی کەروێشكو گورگو ڕێوی‌و باڵندە هیچی تر دیار نەبوو. دەستم بە سروودچڕین کرد، ئینجا ئەو گۆرانییە میللییانەی دەمزانین‌و ئەوسا ئەو شیعرانەی لەبەرم بوون. ئەوەندە ریگایەی مابوویش بۆ خەیاڵاتی رەنگاو رەنگو ئارەزووی خۆش حۆش!

هەندێ جار تا ئەژنۆ دەکەوتمە ناو بەفر. لەو حاڵەتەدا نیگەران دەبووم نەوەك گورگێکی برسی لەسەر تەپۆڵکەکە بێتە خوارێ، یان لە بنی گەڵییەوە بمبینێ. لە ژێر تیغی تیژی پەرێشانیدا، هەندێ جار لە کردەوەی خۆم پەشێمان دەبوومەوە، بەڵام تازە فایدەی چییە؟!

هەر لەو پێچەی شاخ با بدەمەوە، رەشایی شار دەردەکەوێ. لەویوە بۆ گوند جادە نییە.

ئەو رێگا چەورێژەی شار بەو گوندە دەبەستێتەوە، لەبەر هاتو چۆی لادێیان کوتراوەتەوە. ئەگەر لە رێگادا، لە شەکەتییان، لە پەلو پۆ بکەوم، لادێیەکانی ئەو ناوە دەمناسن‌و داڵدەم دەدەن. کە گەیشتمە هنداو دی، زەردەپەڕ تۆپکە بەفرینەکانی سوور هەڵگەڕاند بوو.

منـدالّ لـە دوورەوە منیـان دی‌و بـە غـار بـە پیرمـەوە هـاتن. کـە گەیشتنە لام، من ئیتر تاقەتی رۆیشتنم نەما بوو، وەکوو درەختێکی وشکی ناو بەفر وەستا بووم. نەمدەتوانی پێ لەبەر پێ بنێم.

نا! هەق نەبوو لەوە زیاتر لەو گوندەدا بمێنمـەوە. ئـاخر تـا کـەی خوێنی دڵی خۆم بخۆمەوە؟ تا کەی شەوی تاریك لە سـەر عـادز بـوونم لە منداڵان، خۆم دادگایی بکەم‌و خۆم بدەمە بەر قامچی سزاو تۆڵە؟!

ساڵێك بوو، سـەبرو هـەدادانم نـەبوو. حەوسـەلەم نـەما بـوو رۆژانـی هەینی منداڵان کۆ بکەمـەوەو بچین لـە بێشـەی خـوار ئـاوایی، لەسـەر کانی‌و ئاو، شایی‌و هەڵپەڕکێ بکەین.

یـادی بـە خێـر سـەنگەر!! دەنگێکـی زۆر خۆشـی هـەبوو. هـەموو جومعان بەرنامـەمان لەگـەڵ منـداڵان هـەبوو. شـوانی ئـاوایی دەسـتی دەدایە دەفەکەی. ئەو دەفـی لێ دەداو سـەنگەرو حوسـێن عـەلیش بـە نۆرە گورانییـان دەگـوت‌و لێکیـان وەردەگرتـەوە. منـیش دەبـووم بـە سەرچۆپیکێش. ئـاوازی رێـك‌و خۆشـی پێمـان لـە نـاو گـەڵی دەنگـی دەدایەوە. کە سەنگەر لە گۆرانی گوتن ماندوو دەبـوو، مـن دەسـتم بـە گۆرانی دەکـرد. مامۆسـتای شـایی‌و گـۆرانی مـن شـوانی ئـاوایی بـوو. هەندێ جۆرە شایی‌و زۆر جـۆرە گـۆرانی هەرێمایـەتی جیا جیـای فێـر

کردبووم. من لە بەر جگەرەکێشـان دەنگم زۆر خۆش نـەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا گۆرانیم دەگوت.

مەسەلەیەکی تریش هەبوو، زۆر ئازاری دەدامو وای لێ دەکردم ئیتر لە دێدا نەمێنم. لە دێهاتی رۆژئاوای ئیران، رەوشت وایە گوندییەکان مەسرەفی مامۆستا دەکێشن. مامۆستا ئەگەر لەگەڵ خەڵکەکە رێك بێ‌و دەرزی خۆی بە مندالآن بڵێ‌و ئەرکی سەرشانی خۆی جێ بە جێ بکا. حەفتەی چەند رۆژێك دەرز جێ نەهێڵێ بچێتە شار، خەڵکەکە بۆ فراوین و شێو دەیبەنەوە ماڵی خۆیان. بە نۆرە، هەر رۆژە، میوانی ماڵێك دەبێ. بەیانیش نان‌و پەنیری بە مندالآن بۆ دەنێرن. بەلآم ئەگەر مامۆستا ئەرکی سەرشانی خۆی جێ بە جێ نەکاو لەگەڵ خەڵکەکە نەگونجێ‌و هەزار ئیشی پیس‌و کرێت بکا، خەڵکەکە نایبەنەوە ماڵی خۆیان، بەلآم دیسان خواردنی تێشت‌و فراوین‌و شیوی بە گزیر، یان بە قوتابییەك بۆ رەوانەی قوتابخانە دەکەن.

من هەستم دەکرد بوومەتە سەربار بە سەر خەڵکەکەوە. بوومەتە لامێژی رۆحیان‌و ئەو ژیانەی ماویانە هەڵیدەلووشم. خەڵك لە زاری منداڵی خۆیان دەگرتەوەو دەیاندا بە من. لە گوندی پێشووو لەم

گوندەیشدا، زۆرم هەوڵ دا قەناعەتیان پێ بێنم ئەم ڕێ و ڕەسمە شتێکی ڕاست نییە، گوتم:

مامۆستا مووچەی خۆی وەردەگرێ. نابێ ببێ بە بار بە سەر ئێوەوە. خۆ من (جەندرمە) نیم!!

گوتیان:

- دەتەوێ لە پێش کرمانجی گوندەکانی دی شەرمەزارمان بکەی؟! پارووە نانێك چ نرخی هەیە؟ تۆ بە قەدەر منداڵێکیش ناخۆی! دەڵێی ریخۆڵەت وشك بۆتەوە!

باس و بەڵگە بێ فایدە بوو. کێ گوێ دەداتێ؟ من لە کاتی سەربازیدا لە ئازەربێجان، خۆم مەسرەفی خۆم دەکێشا و مەمنوونی خەڵکەکەیش بووم.

گوتیان:

- هەر ناوچەیەك ڕێ و ڕەسمی خۆی هەیە، ئێمە هەقمان نییە خەڵکی ئەوێ چ ڕێ و ڕەسمێکیان هەیە.

لێرەدا، کە شوێنەکە وا دەخوازێ، خراپ نییە باس بکەم لەم گوندەی ئێستادا چۆن پێشوازییان لێ کردم. بۆیە لە گوندی پێشوو ڕۆیشتم تا بەڵکو لە گوندە تازەکەدا، هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە، مێخ

زنجیری خۆم دابکوتمو داوا لە خەڵکەکە بکەم لێم بگەڕێن لە سەر حیسابی خۆم بژیم. شەو، لەماڵی کێخوا مامەوەو بڕیارم دا بەیانی خەڵك لە حەوشەی قوتابخانە کۆ بکەمەوەو داوای خۆمیان پێ ڕابگەیەنم. بەیانی، بارو بنەم لە ژووره بچووکەکەی قوتابخانە خست کە هاوین ماڵی خاوەنەکەی لێ بوو. لە سەر تەختی سەفەریم دانیشتمو چاوەڕێم کرد خەڵکەکە بێنە لام. نیوەڕۆ داهاتو شەوی بە سەردا هات. نیوەڕۆی پاشیو شەوی پاشیش کەس نەهات بپرسێ: کاکە کەرت بە چەند؟! دوو شەوو دوو ڕۆژ بە برسێتی مامەوە. ددانم لە ددان دەسویو سکی خۆمم دەگوشی. بە پێی تاقی کردنەوەی سەردەمی سەربازیم، کە پاشان باسی دەکەم، زانیم خەڵکەکە، نەدیتیو نەناسی، بە ئەنقەس لێمناپێچنەوەو شتێ لە گۆڕێ هەیە. هەر لەو ماوەیەدا مامۆستایەکی خانمی بێ بڕوانامە هاتبووە ئەوێو...با خەڵکەکە خۆیان مەسەلەکەتان بۆ باس بکەن:

(ڕۆژی یەکەم، چارشێوی لە خۆی دا بووو پانتۆڵی لە پێ بوو. هەموو گیانی نەجیبیی بوو. حەفتەیەکی پێ نەچوو،چارشێوی فڕێ دا، تەنانەت لەچکیشی نەدەدا. بە سەری کۆتو زرانی ڕووت بە ناو گوندادا دەسووڕایەوە. لە بەیانییەوە تا ئێواری تۆپانەی لەگەڵ مندالان دەکرد. ڕۆژێ، یەك دەرزی نەدەگوتەوە. پێیەکی لەم گوندو پێیەکی

لەو گوند بوو. هەر هەندەت دەزانی بزر دەبووو یەك مانگ نەدەهاتەوە گوند. دیار بوو ساختو باختێکی لەگەڵ رابەری پەروەردە هەبوو. چەند جار چووینە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو شکاتمان کرد. کەس هەر گوێیشی نەداینێ!! گوتیان: ئێوە درۆ دەکەن. بوختانی پێ دەکەن. ئێوە شایەنی خوێندنو قوتابخانە نین. لەوەتی دەستی ئاغاتان لە سەر نەماوە، هار بوونە. ئێوە بۆ ئەوە باشن هەر ژێردەستە بنو بە تەپڵی سەرتان دابدەن!! بڕۆن لێرە را نەوەستن! دەتانەوێ قوتابخانەکەتان دابخەینو چیدی مامۆستاتان بۆ نەنێرین؟ ئەمە میوانی ئێوەیەو ئێوەیش کوردنو مەردن. بڕۆن! ئێمە خۆمان پێی دەڵێین زیاتر هەوڵ بدا.

جەناب، نەماندەتوانی بڵێین ئەوە خانمێکی بە رێز نییە. حەشەرییە. مۆزە مۆز لەگەڵ لێخوڕێ قوتابیو سەربازی زانستی دەکا. نەماندەتوانی باسی ئەو شتانە بکەین. شەو، گەنجانی گوندی لە ژووری خۆی کۆ دەکردەوەو تیوازی لەگەڵ دەکردن. زیی کراسی دەکردەوە، مەمکی لە درزی کراسییەوە دیار بوو، بەو جۆر لە بەر پەنجەرە دادەنیشت. لە کۆتایی ساڵیشدا، هەر قوتابییەکو دە دینارو مریشکێکی لێ دەسەندنو هەمووی دەردەچواندن. قوتابیانی پۆلی پێنجەم، کە تاقی کردنەوەی گشتیان هەبوو، هەموو مانەوە...

بەڵێ، خەجاڵەتین کە ڕۆژی هەوەڵ بەم جۆرە هەڵس و کەوتمان لەگەڵ ئێوە کرد. دەمانەویست کەل و پەلی خۆتان بپێچنەوەو لە گوند بڕۆن. بە تەما بووین ڕێ نەدەین هیچ مامۆستایەك بێتە گوندەکەمان، بەڵام ئێوە پێتان چەقاندو نەڕۆیشتن و ئێمەتان چاوبەرەژێر کرد!!)

لە ئازەربێجانیش شتێکی ئاوهام بە سەر هات.

ئەو گوندەی خزمەتم تێدا دەکرد. لە نزیك ئێزگەی شەمەندەفەر بوو. شوێنەکە قاوەخانەیەکی لێ بوو. لەبەر خورتی و نەفامی گەنجێتی خۆم، وامدەزانی لەبەر ئەوەی سەربازی زانستیم، وا چاکە لە قاوەخانەکە چاوەڕێ بکەم بۆ ئەوەی خەڵکی دێ بێن و بە بۆق و کەڕەنا پێشوازیم لێ بکەن و لە سەر دەست دامبنێن و بە شان و باڵم هەڵبدەن. بابایەکی خەڵکی گوند لەوێ بوو. دەچووەوە گوند. قاوەچییەکە بە زمانی تورکی منی پێ ناساندو گوتی بە کێخوا بڵێ وڵاخێك ڕەوانە بکا کەل و پەلی ئەم سەربازی زانستییە بگەیەنێتە گوند. بەرەبەری نیوەڕۆ بوو. تا شەو چاوەڕێم کرد بێن و کەس نەهات. ناچار بووم شەو لە قاوەخانەکە نووستم. ئەسپێ لە دارو دیواری دەباری. بەیانیش تا ئێوارە چەمەڕێ بووم و کەس نەهات.لە بێ باکی خەڵکەکە ناڕەحەت بووم. ناچار بووم وڵاخێکم لە کابرای قاوەچی بە کرێ گرت و لۆژ لۆژ

رووم کردە ئاوایی. ئاوایی هیچ هاتو چۆی تێدا نەبوو.. ئاواییەکە کەوتبووە دامێنی چیایەکی وشكو برینگ. یەك درەختی تێدا نەبوو. چورە ئاوێکی پێدا نەدەهات. خەڵك لە ژێر خۆرەتاو کاریان دەکرد. ئێستا چ بکەم؟و روو بکەمە کوێ؟ لە دەرگای ماڵێکم دا. پیرەژنێك، توند چارشێوی لە دەمو چاوی گرتبوو. لە درزی دەرگاوە سەری دەرهێناو چاوە پووتەکانی تێ بڕیم. رووی خۆش نەبوو. مەراقیشی لە چاواندا نەبوو. لە ماڵی کێخوام پرسی. بە تورکی هەندێ قسەی کرد، تێی نەگەیشتم. ئینجا کشایەوەو توند دەرگای پێوەدا. بیرم کردەوە ئەو ماوە دوورو درێژە چۆن لەم گوندەدا بە سەر بەرم. یەك وشەی تورکیم نەدەزانی. باشە، چۆن دەرز بە منداڵان بڵێم؟ ئەگەر منداڵ فارسی نەزانن – کە نایزانن – چ بکەم؟! چۆن پەیوەندی لەگەڵ منداڵەکان ببەستم؟! رێم بدەن لە پەراوێزی ئەم بابەتەدا، بڵێم قوتابییانی ئەو قوتابخانە چوار پۆلییە یەك وشەی فارسییان نەدەزانی– هیوادارم سەرەداوەکەتان لێ بزر نەبێ –. رۆژی یەکەم، کە دەرزم بە قوتابییانی پۆلی یەکەم گوت، گوتم:

– منداڵینە بخوێننەوە: ئاو.

منداڵەکان بە یەکەوە گوتیان:

– منداڵینە بخوێننەوە: ئاو.

وامزانــی بــاش تێنەگەیشــتووم. وامزانــی گاڵتــەم پــێ دەکەن.بــە تووڕەیی گوتم:

– دەڵێم بخوێننەوە: ئاو

دەنگی غەمگینی قوتابییانی پۆلی یەکەم رژایە ناو پۆلی کش و مات:

– دەڵێم بخوێننەوە: ئاو

بە تووڕەیی گوتم.

– ئێوە شعوورتان نییە؟ بخوێننەوە: ئاو.

منداڵەکان لێکڕا گوتیان:

– ئێوە شعوورتان نییە؟ بخوێننەوە: ئاو.

بــە تــووڕەیی کتێبەکــەم لــە ســەر لاتەختەکــە دانــاو چــاوم بڕییــە منداڵەکان. گاڵتــەم لــە ســەرنجیانەوە نــەدی. دەمو چاویان بەرائــەتو نیازپــاکی تێــدا بــوو. بــە رووی پــاكو ســەرنجی مەندەهۆشــەوە، مەنــدەهۆش لــە تــووڕەیی مــن، چــاویان بڕیبــووە مــن. راســتی تــاڵو کوشــندەو بســووت وەکــوو قامچــی بــە دڵــم دەکــەوت. لــە خــۆم تــەریق بوومەوە. لافاوی رقو قینم رێچکەیەکی تری گرتــە بــەر. بــیرم کــردەوە

بۆچی سەربازی خەڵکی ئەم ناوچەیە رەوانەی ئیرە ناکەن؟ ئەم منداڵانە چ گوناهێکیان هەیە؟ بۆ دەبێ ئەم هەموو پارەو توانایە بە هەدەر بڕواو هیچی لە جێ شین نەبێتەوە. بەڵێ، کە خۆیان لە پشت مێز دابنیشن‌و تێکەڵ خەڵك نەبن‌و هەر لە دوورەوە دەستوور دەربکەن ئەنجامی ئەوە دەبێ سوود لەو هەموو وزەو توانایە وەرنەگیرێ.

با لەوە گەڕێین.

گوتم تێما بووم نەمدەزانی بچمە کوێ‌و کوو ماڵی کێخوا بدۆزمەوە!؟ کوڕێکی پارچەڵە بوو بە فریشتەی رزگاریم‌و بە هانامەوە هات‌و بردمییە ماڵی کێخوا. کێخوا فارسییەکی باشی قسە دەکرد. پیاوێکی داڵگۆشت‌و دەم‌و چاو ئاوڵاوی بوو. تەمەنی چل ساڵ بوو. شەو، لەوێ مامەوەو بەیانی کەل‌و پەلەکانم بردە ژووری قوتابخانە. ئەو ژوورەی دەبوایە ساڵ‌و هەندێکی تەمەنی خۆمی تێدا بە سەر بەرم وەکوو ئەشکەوتێکی بچووك‌و تاریك وا بوو. دیواری قوڕ بوو. داپیرۆچکە جێ جێیە تەونی لە بن ساپیتەو لە کوژییەکان کردبوو. کاریتەیەك شکابووو بانەکە سکی دابوو. کە تەختی سەفەریم لێ دانا، هەر بایی ئەوەندە مایەوە یەکێ چوارمەشقی تێیدا دابنیشێ.پۆل، نە مێزی تێدا بووو نە لاتەخت‌و نە تەختەڕەش. قوتابخانە ئاودەستی

نەبوو. یانی چی؟! ئەی پێش ئەوەی من بچم، سەربازی زانستی لەوێ نەبووە؟ باشە کوا مێزو لاتەختو تەختەرەشو ئاودەست؟!

پاشان زانیم سێ دەورەی سەربازی زانستییان بۆ گوند ناردووە. سەری مانگ مووچەی خۆیان وەرگرتووە. هەندێکیان داوە بە کێخواو هەندێکیان داوە بە رابەری پەروەردە بۆ ئەوەی خەبەریان لێ نەدەنو تا سەری مانگەکەی دی چوونەتەوە ماڵی خۆیان.

سەرتان نەیەشینم. دوو شەوو دوو رۆژ بە برسێتیو تێنوێتی لە ناو ئەو ئاغەلە مامەوە. کرمانج داس بە دەستو بێڵ بە شان بە بەردەم قوتابخانەدا تێدەپەڕین. چەند جار پێم گوتن بە کێخوا بڵێن هەتا ئێرە بێ. دەتگوت فارسی نازانن. سەریان دەلەقاندو هەندێ شتیان دەگوت تێی نەدەگەیشتم. رۆژی دووەم، ئێوارەکەی، کوڕێك بە لای قەتابخانەدا تێپەڕی. بانگم کرد. فارسییەکی شیرین قسەی دەکرد. — ئەو کوڕە ماوەیەك لە تاران شاگرد پینەدۆزیی کردبوو — بە غار چووە ماڵی کێخوا. منیش بە تووڕەیی‌و ناڕەحەتی لەم هەموو شتە چرووکە _ ئەوسا وای بۆ دەچووم _ لە سەر تەختی سەفەریم دانیشتم. کێخوا هات لە بەر دەرگا دانیشت. یەکەم جار، نەمزانی چ بڵێم!

مەسەلەکە زۆر سادەو ساکار بوو. کابرایەکی غەریب هاتۆتە گوندو وەکوو هەر یەکێکی زیندوو پێویستی بە زادو ئاو هەیە. گوتم:

– کێخوا، کوڕی تۆیش ساڵێکی دی بروانامە وەردەگرێ و وەکوو من دەکەوێتە غەریبایەتی. ئایا تۆ رازی دەبی کوڕەکەت برسیو تینوو بێ؟ ئەگەر کەسیش نەزانێ خۆ تۆ دەزانی من ئەوە دوو رۆژە لە ناو ئەم ئاغەلە کەوتووم. چۆن بە خەیاڵت دانەهات منیش پێویستم بە نانو ئاو هەیە؟ ئایا راستە من خۆم بچمە سەر کانی کە هاتو چۆی ژنو کچی ئێوەی بە سەرەوەیە؟ من چ ئیشی خراپو ناشیرینم نەکردووە. ئایا لە ماوەی ئەم چەند رۆژەدا، هیچ ئیشی ناشیرینتان لە من دیوە؟

کێخوا رۆستەم جگەرەیەکی داگیرساندو هەروا کە سەری دانەواندبوو، گوتی:

– نەخێر، جەناب، هیچ خراپەیەکمان لەنگۆ نەدیوە! بەڵام...

بە نیگەرانی پرسیم:

– بەڵام، چی؟

گوتی:

– جەناب، خۆت دەزانی خەڵکی ئێرە زۆر دەستکورتو بێ دەرامەتن. کانی دێ تەنیا بە قەد ئەنگوستێك ئاوی هەیە. ژنان بۆ گۆزە ئاوێك چەند سەعات سەرە دەگرن. سێ چوار حاجی نەبێ کە برای خۆمن‌و بای خۆیان هەیە، خەڵکەکەی تر نانی ئێللەللایان نییە.

کە پاییز دادێ، حاجییەکان نەبێ، یەك پیاو لە گوند نامێنێ. هەموو بۆ کرێکاریی دەچنە تاران. ژن‌و منداڵیان جێ دێڵن‌و دەچنە غەریبایەتی.

گوتم:

– جا، مەبەستت چییە؟

گوتی:

– عەرزت دەکەم ئێمە نان دەفرۆشین. دەبێ هێلکەو ڕۆن‌و ئەم جۆرە شتانەیش لە دوکان بکڕی. سەربازەکەی پێشوو خورتی لە خەڵك دەکرد نان‌و شیرو پەنیری بە خۆڕایی بۆ ببەن. ئەو کاتەی دەهاتەوە گوند، دەچوو دەرگای ماڵانی دەدایە بەر پێلەقەو جوێنی بە خاوەن ماڵەکان دەدا بۆچی لە کاتی خۆیدا خواردنیان بۆ نەناردووە؟!

گوتم:

– ئێوە چەند بران؟ ئایا هەمووتان ڕەوشتو ڕەفتارو کەسێتیتان وەکوو یەک وایە؟

گوتی:

– نەخێر، جەناب! هەر کەسە شتێکی لە مێشکدایە. پێنج ئەنگوستی دەست وەکوو یەک نابن.

گوتم:

– ڕەحمەت لە بابت! قسەکەت جوانە! ئایا ئێوە هاتن بە من بڵێن ئێمە نان دەفرۆشینو من ڕازی نەبووبم؟

سەری دانەواندو ئاخێکی هەڵکێشا. لە شەرمەزارییان ڕووی سوور هەڵگەڕاو گوتی:

– جەناب، ئێمە نەزانین. ژیانمان وەکوو ژیانی چوارپێ وایە. ئەگەر هیچمان بزانیایە حاڵمان ئاوها نەدەبوو. ئێمە هەر ئەوەندەیە لە بنیادەم دەکەین. دەبێ بمانبوورن.

گوتم:

– کێخوا، ئەوە چ قسەیەکە تۆ دەیکەی؟ دەستی سەد ئەندازیاری کشتوکاڵی دەگرمو نیشانت دەدەم کە بە قەدەر نووکی دەرزی لە کشتوکاڵو دەناوهێنانی دەغڵو دانو ئاوو خاک نازانن. ئێمەی شاری

ناتوانین بەبێ ئێوە بژین. لە کەرەو دۆو ماستو پەنیرو رۆنو گەنمو دانەوێڵەوە بگرە تا دەگاتە خوریو چەرمی پێڵاوو... ئەمە هەمووی ئێوە بەرهەمی دێنن. خەڵك بە نەزانیی تاوانبار مەکە! راستە ئێوە دەستکورتن، بەڵام نەزان نین؟

باسەکەم درێژەی کێشا. هەر قسەم کردو قسەم کرد. بە یەکەوە جگەرەمان کێشاو ئاخیری بڕیارمان دا نان لە خۆی بکڕمو سەری مانگ بە یەکەوە حیسابەکە بکەینو هەر خۆیشی لیستی حیسابەکە رابگرێو کەرەو هێلکەو پەنیریش هەر لە خۆی بکڕم. ئینجا پرسیم:

- کوا مێزو لاتەخت؟ قوتابخانە بۆچی بێ ئاودەستە؟

گوتی:

- جەناب، چ بڵێم؟ تا ئێستا سێ دەورە سەربازی زانستییان بۆ ناردووین. مانگێ چەند رۆژێك دەهاتنە گوندو سەد دیناریان لە ناو دەستم دەنا بۆ ئەوەی ئەگەر پشکێنەر هاتە گوندو تاقیبی کرد، بە دوو قسەی خۆش رازی بکەمو بڵێم تازە پێش سەعاتێك تووشی ژانە سك هاتو چووە شار.

بە پێکەنینەوە بەردەوام بوو:

- ئەدی نەتبیستووە پیرو پێشینان گوتوویانە (کێخوا ببینەو گوند تاڵان بکە). ئێوەیش دەتوانن بۆ خۆتان برۆن. ژیانی ئێرە بۆ ئێوە زەحمەتە. منداڵی قوتابخانە فارسی نازانن. خەڵکیش هەوەسیان بە

فارسی زمانان نایێ. دەبێ ببووری کە ئاوها بە رەپو راستیو بە سپی کراوی قسە دەکەم.

گوتم:

- لەم بارەیەوە، خەڵك هەقی خۆیانە. پێویستە سەربازێکی خەڵکی ناوچەی خۆتان بۆ رەوانە بکەن، بەڵام من لەو جۆرە کەسانە نیم. من هاتووم دەرز بە منداڵانی ئێوە بڵێم. من پیاوی فێرار کردنو پیاوی بەرتیل نیم. هەر کەسە لێپرسراوی ئیشی خۆیەتی. ئەوە پەیوەندی بە منەوە نییە کە فڵانە سەرباز قوچاندوویەتیو رۆیشتووە. من ناخۆشیی زۆرم لە ژیانی خۆمدا دیوە. گرنگ نییە نازانن بە فارسی قسە بکەن. چەند وشەیەکیش فێر بن، هەر باشە. من دەچم مێزو لاتەختو تەختەڕەش لە شار دێنمو ئێوەیش دەبێ دەستوبردێك بکەنو قۆرتێك لە قوژبنێك لێ بدەنو چوار دیواری لە دەورە بکەن. قەت بووە مزگەوت ئاودەستی نەبێ؟ قوتابخانەیش وەکوو مزگەوت وایە.

باسم کرد چەند شتێ وایێ کردم بە یەکجاری ماڵاوایی لە گوندەکەی پێشوو بکەم:

- کار کردن لە قوتابخانەی پێنج - پۆلی لە قەوامی تاکە کەسدانییە.

- من نەمدەویست ببم بە سەربار بە سەر خەڵکەکەوەو وەکوو زەروو لە سەر خوێنی ئەوان بژیمو ئەو پارووە نانەی هەیانە لەگەڵ من بەشی بکەن.

هاندەرێکی تریش کە دەیکەمە کۆتایی ئەم باسە ئەمەیە: منیش وەکوو هەر گەنجێ کە خۆراکێکی فیکری دروستو پەروەردەیەکی پتەوو رێكو پێکی نەبێو کەلکەلەیەکی زۆری لە سەردا بێ لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونی دروستی دەرهەق بە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان نەبێ، بیەوێو نەیەوێ لە شێوەی خەبات کردنی لە دژی شێوە کۆنەکانی ژیاندا تووشی لادان دەبێ. وامدەزانی دەتوانم بە تەنیایی - بە تەنیاییو بێ بەرنامەیەکی پێشەکیو بێ پشتۆکێکی ئایدۆلۆجی زانستیو بە هێز - کاریگەرییەکی باش لە ژیانی لادێ بکەم. خوێندبوومەوە: (بکەوینە رێ، ترسمان دەڕەوێتەوە). نەمدەزانی بە بێ بەرنامەی پێشەکی، بە تەنیا، نەك بە کۆمەڵ، ناتوانین هیچ بکەین. من، کە خۆم پێویستم بە فێربوون بوو، من، کە دەبوایە دابنیشم بخوێنمو‌ژیان تاقی بکەمەوە، دەمەویست لە رەوتی بەرەوپێش چوونی ژیاندا، چرای رێگای کۆمەڵانی خەڵك بم. چرای رێگای ئەو خەڵکەی کە نەمدەناسینو تەواو دوورو بێگانە بووم لە دۆزو گیرو گرفتو داخوازییەکانییان. بێ گومان ئەو کاتە لە بوغرایی خۆمەوە وامدەزانی

هەموو شتێ دەزانم. خوێندبوومەوە: (تۆ کە خۆت شارەزای رێگا نیت، چۆن دەتوانی رێنمایی خەڵك بکەی؟) بەڵام لە نەزانی خۆمەوە، وامدەزانی، بە پشتگیری خوێندنەوەی سەد کتێبێك، دەتوانم رێنمایی خەڵك بکەم. تەنانەت ناوەرۆکی ئەم شیعرەم وەکوو قامچی بە رووی خەڵکدا دەکێشا. بەڵێ دەمەویست دەوری سەرکردەیەك ببینم.حەیف کە مرۆڤ تەنیا، بە تاقی تەنێ، وەکوو دۆن کیشۆت دەچێتە جەنگی ئاشەباکان! نەمدەزانی تەنیا خۆشەویستی خەڵکی ژێردەستەو راستگۆییو دروستکاری بەس نییە. مەرجە بەڵام بەس نییە! نەمدەزانی هەرچی خوێندوومەتەوە، بە خراپی خوێدوومەتەوەو بە خراپی وەرمگرتووەو بە خراپی تێیگەیشتووم. ئەوەی یەك چاوی هەبێ، لە شاری کوێران پاشایە. نەخێر ئەوە شاری کوێران نەبوو، من کاڵو خەیاڵپڵاوو ساویلکە بوومو وامدەزانی ئەو شارە شاری کوێرانە.

لە سبەینێ تا ئێوارێ لەگەڵ منداڵان بوومو شەو لە ماڵی کرمانجەکان بووم. هەمیشە تا نیوەشەو لەوێ دەمامەوە. قسەم لەگەڵ دەکردن.ئەوان دەردەدڵی خۆیان دەکردو منیش دەردەدڵی خۆم دەکرد. بە وردی گوێیان لە قسەکانم دەگرت. دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ، بەم قسەیە ئاوێکی پاکیان بە دەست دادەکردم: (ئێمە چیمان لە دەست دێ؟ ئێمە بنیادەم نین).

خەڵك ڕێزیان دەگرتم، خۆشیان دەویستم. سوێندیان بە سەرم دەخوارد.لە زەماوەنددا، شاییم لەگەڵ دەکردن‌و لە تازیمانەدا، لە پرسەیان دادەنیشتم. جاروبار دەچوومە سەر زەوی‌و شینایی‌و ئیشم لەگەڵ دەکردن. منیان بە یەکێکی لە خۆیان دەزانی. بە چاوی غەریبێك تەماشایان نەدەکردم. ئەوەندە خۆشیان دەویستم، دەیانەویست هەر لەو گوندە، دەستم لە ناو دەستی کچێك بنێن‌و بە یەکجاری لە لایان بمێنمەوە. بەم فێڵە دەیانەویست هەتا هەتایێ لەو گوندەدا بمێنمەوە. ئەوەیش هەبوو، من لەبەر پەلەکردنی خۆم‌و بە وای نەزانین‌و لێکدانەوەی نادروستی دەرفەت، نەمدەتوانی کاریگەرییەکی قووڵم هەبێ. بێ گومان ئەو کاتە (کاریگەری قووڵ) بە لای منەوە، مانایەکی تری هەبوو. مانایەکی نادروست‌و نازانستی! پاشان تێگەیشتم فێربوون دەبێ پتەوو فراوان‌و ریشەدارو ڕێك‌و پێك بێ‌و نابێ چاوەڕوانی کاریگەریی دەم‌و دەست بکەین.

ڕوخسەت بدەن بیرەوەرییەك بگێڕمەوە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە:

لە زوربەی گوندەکانی ناوچەی کولیایی، مزگەوت هەیە ساڵەو ساڵ چۆڵ‌و بەتاڵە. خەڵك بە هۆی ئیشی قورس‌و تاقەتپڕوێن نایانپەرژێتە

سەر چوونە مزگەوت‌و زۆربەشیان نوێژنەکەرن. ڕۆژانی هەینی، بە کفت‌و شەکەتی لە خەو را دەبن‌و دەچنە دروێنە!! دروێنە!! دەبێ دروێنە بکەن. دەبێ، ڕۆژێ هەتا ئێوارێ، لە ژێر قرچەی خۆرەتاو، پشت کووڕ بکەنەوەو ئارەقە بڕێژن‌و بە سکی برسی تەبارە گەنم بدەنە بەر قەفی داس. ئایا دەزانی دروێنە یانی چی؟! دەبێ دروێنە بکەن. کێ بە تەواوی دەزانێ سەپان چ ماندووبوونێك دەچێژێ؟! نوێژنەکردنی خەڵکەکە لەبەر بێ بڕوایی نییە.

بە گشتی، مزگەوت تا سەرەتای عاشوورا چۆلە. حەفتەیەك پێش مانگی موحەڕڕەم، پیرەمێرد لە ماڵی خوا کۆ دەبنەوەو تەگبیری خۆیان دەکەن. بڕە پارەیەك کۆدەکەنەوەو یەکێکیان بە نوێنەرایەتی خەڵکەکە دەچێتە شارۆچکەی (س)و پیاوێك لەگەڵ خۆی دێنێتە گوند. کابرا، یەك یەك بە نۆرە، میوانی خەڵکەکە دەبێ.

ئەو ساڵە، لە یەك شەو زیاتر نەمتوانی بەرگەی کابرای میوان بگرم لە مزگەوت. قسەکانی ئەو شەوەی هەمووی لە بارەی شێوازی دروستی میزکردن بوو. ئایا ئەگەر من بەو جۆرەی جەنابی گوتی وام بکردایە، منداڵ قسەیان بۆ هەڵنەدەبەستم؟ نەیاندەگوت ئەو هەموو ماوەیە لەوێ چت دەکرد؟ ئیتر نەچوومە مزگەوت. ساڵی پاشیش، کە دەکاتە

پار، لە بەر زماندرێژیی کابرا نەمویست بچم، بەڵام شتێ رووی دا، رای خۆمم گۆڕی.

فەقێیەکی گەنجم لە ماڵێکی ئاوایی بینی وەکوو ستەمدیدەیەک لە کوژییەک دانیشتبوو. بە کپو بێ دەنگی، بە چاوی زەق گوێی دابووە قسەکانمان کە نەیدەزانی چ دەڵێین، ئێمە بە زمانی کوردی قسەمان دەکرد. لەگەڵ فەقێکە کەوتمە قسە. هەر چۆنی بێ غەریبەیە، گەنجە! قوتابییەکم هەبوو لە تەمەنی ئەو بوو. باسی ئەم شتو ئەو شتمان کرد. دەرکەوت بۆنی کۆلکە مەلای پێشووی لێ نایێ. کارەکانی بهرەنگی خوێندبووەوە. خۆیشی منداڵی لادێ بوو. لە شتی بنەڕەتی بیرو رامان یەک نەبوو. بەڵام لە بارەی زۆر مەسەلەوە بۆچوونی هاوبەشمان هەبوو. دژی رژێم بوو. بەینی لەگەڵ دەمارگیریو تاکڕەوی نەبوو. رێزی تێکۆشەرانی رێگای ئازادی دەگرت. جا هەر ئامانجو رێبازێکیان هەبوایە. واقیعبینو بەرچاو روون بوو. هەردووکمان بڕوامان وا بوو یەک دوژمنی هاوبەشمان هەیە: دکتاتۆرییەتی شاو ئیمپریالیزم. هەردووکمان دەمانەویست کۆمەڵێک بێتە کایەوە هیچ نیشانەی هەژاریو نەزانیو نەخوێندەواریو برسێتیو بێدادیو ستەمو سانسۆری... تێدا نەبێ. هەردووکمان بەرەو یەک قوللە هەڵدەکشاین،

بەڵام ئەو ڕێگایەکی گرتبووە بەرو من ڕێگایەکی تر. ئای پیاو چەند بە مرۆڤی وا دەگمەنو واقیعبین دڵخۆش دەبێ!!

گەنجەکە تا ئەو کاتە لە گونددا نەچووبووە سەر مینبەر. بە شلەژاوی دەیگوت چ بۆ خەڵك باس بکەم؟!!

ئەو شەوە، بە پەرۆشەوە چوومە مزگەوت. گەنجەکە چووە سەر مینبەر. لادێیەکان چاوەڕێیان دەکرد، وەکوو باو بوو، ڕەوزەیەك بخوێنێو سەیلی فرمێسکیان لە چاو بێنێ. دیتیان هیچ باسی ملیۆن جار شەهیدبوونی فلان ئیمام لە گۆڕێ نییەو ئەو فەقێ گەنجە باسی شتی تر دەکا. مقۆمقۆی ناڕەزاییو دژایەتی بەرز بووەوە. گاڵتەیان خستە سەر. یەکێ لێی پرسی– کە پاشان خراپ تێی بەربووم‌و وەڵامێکی ددانشکێنم دایەوە – لێی پرسی: ئەگەر ژنێکی رووت لە دەشتێ کەوتبێ، یانی مردبێ، دیار نەبێ ئەو ژنە موسلمانە، یان جووە، یان گاورە، یان کافرە. ئەرکی ئێمە بەرامبەر بەو ژنە چییە؟

ئەو شەوە، ژمارەیەکی زۆر لەوانەی ئامادە بوون، وەکوو ناڕەزایی، دانیشتنەکەیان جێ هێشت.

شەوی پاشی، دوای کۆمەڵێ قسەی سەنگینو بە سوودی فەقێکەو هێرشی بۆ سەر زایۆنزمو ڕژێم، پیاوێ ، کە یەك ساڵی تەواو بوو

برادەرم بووو قسەم بۆ دەکرد، هەستایەوەو بە ئاشکرا بانگی دژایەتی فەقێی داو داوای لە خەڵکەکە کرد فەقێ لە گوند دەربکەن. من بەرگریم لە فەقێ کردو زۆرم قسە کرد: (ئەمە هیچی نەگوتووە. بە هەر حاڵ میوانی ئێمەیە. رێزی جلو بەرگی بگرن، رێزی گەنجێتی بگرن...)

بەڵێ ئەو کابرایەی خەڵکی تیخ تیخە دەدا یەك ساڵ لە بەر دەستی من خوێندبووی. فەقێ گەنجەکە ویستی لە گوند بڕوا . من لێ نەگەڕام. شەوی دواتر، میوانم هەبووو پێم نەکرا بچمە مزگەت. کاتەکێ دیتم یەکێ لە قوتابییەکانم بە پڕتاوی هاتە ژوورەوە. گوتی:

- مامۆستا، دەیانەوێ لە جەنابی فەقێ بدەن!

مەسەلەکە بەم جۆرە بوو:

خەڵکەکە چاکەتێکی پیسو کۆنیان پڕ کا کردبووو پەیکەری منداڵێکی پاکو شەهیدیان دروست کردبووو بۆ منداڵکە دەگریان. فەقێ گوتبووی ئەوە چ ئیشێکە ئێوە دەیکەن؟ ئینجا پرسی بووی:

- ئەم چاکەتە چی تێدایە؟

- کا !

- ئێوە چی لە کا دەکەن؟

- کا خۆراکی ماڵاتە.

- ئەم چاکەتە هی کێیە؟

- مەشدی قاسم.

- باشە، ئێوە بۆچی دەگرین؟

چوومە مزگەوت. خەڵك دەستە دەستە کۆ ببوونەوە. گاڵتەیان بە فەقێ گەنجەکە دەکردو جوێنیان پێ دەدا. کۆم کردنەوەو یەك سەعات قسەم بۆ کردن‌و بەرگریم لە فەقێ کرد بۆ ئەوەی وازی لێ بێنن.

بەڵێ ، سەردەستەی دوژمنانی فەقێ کێخوا خۆی بوو کە لە بەر دەستی من خوێندبووی.

ئەو تاقی کردنەوەیە دەرزێکی گەورە بوو بۆ من کە ئەگەر چالاکییەك بکرێ، پێویستە بە پێی بەرنامەو بە رێك‌و پێکی‌و بە پتەوی‌و بەربڵاوی بکرێ، یانی کاری رێکخراوەیی بێ، نەوەك کاریگەرییەکی وای نابێ.

***

چەند پەڵە هەورێکی چڵکن لە سەر چیا شانیان لە شانی یەکدی دەسوی. من لە بەر پەنجەرە دانیشتبووم و ئەم بیرانە وەکوو شەپۆلی رووبار لە مێشکمدا بە سەر یەکدا دەشکانەوە. چووم دیسان قەلەمم لە سەر کاغەز خستە کارو داوایەکی تری گواستنەوەم نووسی. دەمزانی زۆر لە گوینە داوای گواستنەوەکەم قبوول نەکەن. چەند مانگ بوو ساڵی خوێندن دەستی پێ کردبوو. گوتم رەنگە داواکەم هەڵبگرن و ساڵی دادێ بمبەنە شار. بە هەر جۆرێ بێ ئەم ساڵیش دەقەتێنم. بەو خەیاڵەوە چرام تەمراندو خۆم خزاندە ناو نوین بۆ ئەوەی سبەینێ لە گەڵ گەردوگۆڵی بەیانی بچمە شار.

***

(٢)

لێوگەستن‌و پەشیمانی‌و قرقران سوودی نییە. خۆزگە دەستم بشکایەو داوای گواستنەوەم نەنووسیایە. ئەنجامی تاکڕەوی‌و پرس نەکردن بە برادەران ئەوە دەبێ کە خۆت بدەیتە بەر لیسی جوێن. تف کە رووکرا، هەڵناگیرێتەوە. هەر کەسێ بە بێ دەربەستی سەر قیت کاتەوە، سەری دەپەڕێ. داوای گواستنەوەکەیان قبووڵ کردم. بە دەم ئازارو نیگەرانی چوومەوە گوند بۆ ئەوەی پڕو بوزگوڕو شڕو شیتاڵەکانم بپێچمەوەو بە یەکجاری خواحافیزی لە گوند بکەم. لەگەڵ دە دوازدە نەفەری دی سواری کەچە جێبێك بووم دەچووە گوندەکە. وردە وردە بەفری تێ کرد. بەفر هەم بە سەر زەوی‌و هەم بە سەر دڵی مندا دەباری. ئەو سەرنجەی لە دەشت‌و چیاو قوولەی بەفرپۆش‌و ئاسمانی مس رەنگ‌و گوندەکانی دەورووبەرم دەدا وەکوو دوا سەرنجی پیاوی سەر سێدارە وا بوو.

بۆ هەتا هەتایێ بووم بە دیلی ناو قەفەسی شار.

باشترین سالانی ژیان‌و تەمەنی خۆم لە گونددا بە سەر برد. وەکوو گیا لەبەر خۆرەتاوو لە سەر خاك‌و ئاوو لە بارو دۆخی تایبەتی ناوچەییدا، سەرم دەرهێناو هەڵم داو بالام کرد.

بڕیارم تا بەیانی باسی ڕۆیشتنی خۆم بۆ خەڵکەکە نەکەم. منو خەڵکەکە وەکوو گیانێك بووین لە ناو یەك جەستەدا.. ئەوان بەبێ منو من بەبێ ئەوان نەماندەتوانی بژین. پەیوەندی من لەگەڵ ئەوانو پەیوەندی ئەوان لەگەڵ من وەکوو پەیوەندی منداڵ بوو لەگەڵ دایکی، وەکوو پەیوەندی زەوی بوو لەگەڵ ئاوو وەکوو پەیوەندی باڵندە بوو لەگەڵ چیاو گیاو گوڵودارو درەختو وەکوو پەیوەندی ئاشقو ماشووقو هەور بوو لەگەڵ با .

کەچە جێبەکە خزییە ناو جۆگایەكو چەقی. ڕشتەی بیر کردنەوەم پسا. دابەزینو تا ئەژنۆ کەوتینە ناو قوڕو بەفرو لیتراو. بەردمان لە بن بەفر دەردەهێناو لە بن پێچکەکانی جێبەکەمان دەنا. هەر یەکە جێیەکی ترومبێلەکەی دەگرتو بە (یا عەلی! یا عەلی) تەکانیان دەدا بۆ ئەوەی بیهێننە دەرەوە. ئاخیری، دوای یەك سەعات هەوڵ و تەقەللا، جێبەکەمان دەرهێناو خەڵکەکە سواربوونەوەو خۆیان لە تەنیشت یەك پەستا. لێخوڕەکە پێی لە بەنزین نا. جێبەکە فلچەی نەبوو. کە ماوەیەك دەڕۆیشتو بەفر جامەکانی پێشەوەی دادەپۆشیو ڕێگای دیتنی لێخوڕەکەی دەگرت. لێخوڕەکە دادەبەزیو بە دەست بەفرەکەی لادەدا. گوتم:

- لە کاتی بەفر باریندا، ترومبێلی بێ فلچە وەکوو مرۆڤی بێ چاو وایە. برا بۆ وا؟!

لێخوڕەکە گوتی:

- جەناب، چ بکەین؟ تەقەلای نانە. جگە لەوەیش من بە چاوقوچاویش شارەزای ئەم ڕێگایەم. خەیاڵت ئاسوودە بێ. مەترسە!

گوتم:

- ترس شتێکی ئاساییە. هەموو کەس ڕۆحی خۆی خۆش دەوێ. وریایی شتێکی باشە!!

گوتی:

- ڕاستە! چ بکەم؟ فلچە لەم شارە کاول بووە دەست ناکەوێ. ویستم بچمە کرماشان جووتێ فلچە بکڕم، ڕێك نەکەوت.نیگەران مەبە! بەفرەکە لێ دەکاتەوە.

ژنێك لە پێشەوە لە تەك چەند پیرەمێردێك دانیشتبوو. مندڵێکی ساوای پێ بوو لە سەر کۆشی خۆی دانا بوو. سەربازی زانستی گوندی سەرەوە لە تەنیشتە من دانیشتبوو. چاویلکەیەکی لە چاو بوو شووشەکەی بە قەد بنە پیاڵەیەك دەبوو.لە پشت ئەو چاویلکەیەوە،

سەرنجی پڕ فیزو بایی بوونی لە خەڵکەکە دەداو متەقی لێوە نەدەهات. یەك جار چووبوومە لای و هەڵمسەنگاندبووو وەکوو سێوی کرمی دەورم دابووەوە. لە خواردنی منداڵان، چی خۆی و هاوڕێکانی دەیانخوارد نۆشی گیانیان بێ، بەڵام بە دیاری بۆماڵەوەیشی دەبردەوە. بە بیانووی جیا جیا ماڵی منداڵانی بە تاڵان دەبرد. قوتابخانە بەشە نەفتی خۆی هەبوو، بەڵام ئەو ، هەر ناو بە ناو، بە بیانووی ئەوەی بەشە نەفتی پەروەردە بەش ناکا، پارەی لە خەڵکەکە کۆ دەکردەوە. شەو، بۆ نان خواردن نەدەچووە ماڵی خەڵك. لەگەڵیان رێك کەوتبوو هەر شەوە مریشکێکی بۆ سەر ببڕن و بۆی بنێرن. دەیگوت من رۆڵەی باکوورم بێ برنج ناژیم. دەمرم. سەعاتێکی دەما بۆ نیوەڕۆ ئەوسا دەچووە قوتابخانە. رۆژی چوار شەممە قەتابخانەی دادەخست و دەچووە شار بۆ ئەوەی فلیمێك ببینێ و چاوی بە یارەکەی بکەوێ و...

رێمان کەوتە لێواری هەڵدێرێك. جێبەکە بە گرەگڕ لەمووزی بۆ تەختان درێژ کردو هێشتا هەناسەیەکی ئاسوودەمان نەهاتبووەوە بەر، بەسەر یەکدا گلۆر بووینەوە. بوو بە هاوارو گازی و قیژەو قیڕینی نەفەرەکان. سەربازی زاتست و پیرەمێردێك بە سەر مندا بەربوونەوەو منیش بە سەر پیرەمێردێکی تردا. جێبەکە بە تەپۆڵکە خۆڵێکدا

هەڵگەڕاو وەرگەڕا. ئەو ژنەی لە پێشەوە دانیشتبوو زریکاندی: (فریای منداڵەکەم کەون).

لەسەر جێیەکەوە یارمەتی ژنەکەم داو بە دەستێك منداڵەم راکێشاو بە دەستەکەی تر دەستی ساردی دایکەم گرتو دڵنیام کردەوە کە منداڵەکەی سەلامەتە. یارمەتی ژنەکەیشم دا بۆ ئەوەی بێتە دەرەوە. هیچ ئەزیەتی نەخواردبوو. پیرەمێردێك سەری شکا بوو. پاشان زانیم یەکێ پەراسووەکانی نەختێ ئازاریان خواردبوو. منداڵەکەم لە کۆشی دایکی جێ هێشتو چوومە لای نەفەرەکانی دی. سەربازی زانستیی، لە ناو گریان‌و فوغانی ئەو خەڵکەدا، لە کاتێکا کە بە بار جوێنی حەواڵەی لێخوڕەکە دەکرد. لەم لاو لەولا چاوی لە چاویلکەکەی دەگێڕا. وەکوو لقی دار شمشاد لەسەر دوو قاچی وەستا بوو. غەمی بزر بوونی چاویلکەکەی بوو کە بۆ جوانی لە چاوی دەکرد.

(کجا دانند حال ما سبکباران ساحلها)[1]

---

[1] ئەمە لەتە دێڕێکی (حافظ)ی شیرازییە. ماناکەی:
بارسووکەکانی سەر کەنار لە کوێ بە حاڵی ئێمە دەزانن؟ واتە : ئەوانەی لە هێمناتی دان لە کوێ بە حاڵی ئێمە دەزانن کە لە مەترسیداین. یان وەکوو پەندەکەی کوردی دەڵێ: ( سکی تێر ئاگای لە سکی برسی نییە.)

چاویلکەکەی دیتەوەو لە خەنی خۆشییان لـە قاقـای پێکـەنینی دا.
بە داخ‌و رق‌و قینەوە بە سەرمدا نەڕاند:

– حەیف‌و مخابن بۆ ئەو نانەی گەنمەی دەرخوادی تـۆی دەدەن!!
هەی جووجەلەی تازە جووقاو! هەی ژنانی!! هەی لاپرەسەنگ!!

– ئای چەند جار لەگەڵ ئەو جۆرە کەسـانە تووشـی بگـرەو بـەردە
هاتووم!!

بە زۆری لە رۆژانی هەوەڵـەوە، پەیوەنـدیم بـەو سـەربازی زانسـتی‌و
بەو مامۆستایانەوە دەکرد کـە تـازە دەهاتنـە گونـد. ئەگـەر ئاهێکیـان
تێدا بوایەو تا ئێسقان گەنـدەڵ نەبوونایـە، خـۆم لێ نزیـك دەکردنـەوەو
تاقی کردنەوەی پەروەردەو فێرکردنی خۆم‌و شـێوازی هـەڵس‌و کـەوتی
خۆم لەگەڵ خەڵك، دەخستە بەر دەستیان

پێش چەند ساڵێ، لەگەڵ برادەرێکم چـووینە سـەردانی (ب) کـە لـە
گونـدێکی چـەند کیلۆمـەترێ بـەولاوە خزمـەتی پـێ سـپاردرابوو.
برادەرەکەم، لە سەربازگەدا، ماوەیەکی کەم چاوی بـە (ب) کـەوتبوو
دەیگـوت لەوانەیـە پیـاوی زانسـت‌و چاکە بـێ. جـەنابی بـە باوەشـی
کراوەوە، پێشوازی لێ کـردین. مـانگی سـێیەمی خزمـەتی بـوو. وێنـەی
سەمەدی بهرەگی لە دیواری ژوورەکـەی دا بوو.چـەند بەرگـە کتێبێکی

بێ نرخیشی لە سەر تەقچکە دانا بوو. شیعرێکی خۆی بۆ خوێندینەوە. تۆپەڵێ ئاهو زاریو چزوویەك بوو بۆ جەستەی شەو. کابرا هی ئەوە بوو ئومێدمان پێ هەبێ. سەربازێکی تریش لەوێ بوو. هاوشاری خۆی بوو. بێ فیزو سافو لووسو راستگۆ بوو! لە گەڕانەوەدا، لەگەڵ هاوشارەکەی (ب)دا بووینە هاورێ. تا لە بیرم نەچووە با بڵێم: بڕیارمان دا هەینی دادێ، (ب) بێتە سەردانی من. (ب)م کەوتبووە بەر دڵ، بەڵام هاوشارەکەی (ب)، بە روونو زوڵاڵی، پێی گوتم ئەو کابرایە تا ئێستا چەند جار لەگەڵ گەنجان ئاوقای یەکتر بوونەو لێیداون. تا ئێستا چەند جار لەگەڵ بێوەژنانی ئاواییو ئەو ژنانەی مێردەکانیان بۆ پەیدا کردنی کارو نان چوونەتە کاشانو تاران، دەستی تێکەڵکردووە. شەو، دەیانباتە پشتیری ژوورەوەو پاشان چەند دینارێکیان لە دەست دەنێ. سوێندی خوارد راست دەڵێ. ئامادە بوو لەگەڵ (ب) روو بە روو ببێتەوە. پەندێکی کوردیم بیر کەوتەوە:

(تفەنگ بوەسی دی قەی خەر، گورگ ئەخواردی)[٢]

سائیبیش هەر ئەو بیرەی زۆر بە جوانی دەربڕیوە:

(چە سود از اینچەکتیبخانەی جهان از توست
نە علم، هر انچە عمل میکنی، همان از توست)

---

[٢] واتە: ئەگەر تفەنگیش لە کەر بار بکەی، گورگ هەر دەیخوا.

ڕۆژی هەینی، هاتە سەردانم. بێ پێشەکی چیم بیستبوو، وەکوو تفێکی گەورە لە دەمو چاوم کرد. دەڕواو یەك ئاوڕ ناداتەوە، با بڕوا، بە جەهەننەم!! چ پێویستم بە هی وا هەیە؟! ئەگەر چاو لە هەڵەی یەکتر بپۆشین، چۆن نەمامی هاوڕێتی ڕاستەقینەمان لە نێوان دەڕوێ؟ پەیوەندی نێوانمان پەیوەندی کڕیارو فرۆشیار نییە. هیچ هۆیەك لە گۆڕێ نییە بە قەرز نان بە یەکتر بدەین. ئامانج خزمەت کردنی خەڵکە. ئەو کەسە برادەرمە کە یارمەتیم بدا بە ئامانج بگەم بۆ ئەوەی لە پەیوەندی نزمو مامەڵەی چرووك ڕزگار ببم. بە جۆرێ دڵم لە ئەشقی خەڵکی ژێردەستە پڕ بکا کە بێ کەوتنە شوێن ناوو ناوبانگ، بۆ هەموو جۆرە فیداکارییەك ئامادە بم. لە مامۆستا ناوەشێتەوە ڕەفتاری کاسبکارانەی هەبێ. خەڵك چاوەڕێی شتێکی تر لە من دەکەن. ئەگەر قسەو کردەوەم شایەنی ڕۆشنبیرێك نەبێ، هەقی خۆیانە بە جۆرێ هەڵەکانم بە چاودا بدەنەوە، کە لە خەفەتان بگریم. هەقی خۆیانە دادگاییم بکەنو بەند بە بەندی لەشم بدەنە بەر قامچی گاڵتەو سووکایەتی.

من( منی تایبەتی) کەسێکم منداڵی خەڵك پەروەردە دەکەم. ڕەفتاری من سەرمەشقە بۆ خەڵك. کارەکەم وا دەخوازێ شەوو ڕۆژ بێ ماندووبوون، بە بەردەوامی، خۆم فێر بکەم: لە خەڵك، لە کتێب لە

ژیان، لە منداڵان، لە دۆستو برادەران. پێویستە بە هەر جۆرێ بێ دوا دەستکەوتی هزریو مرۆڤایەتی بە دەست بێنم. بۆ ئەوەی ببم بە مامۆستایەکی باشو وەکوو تۆژەرەوەیەکی چالاكو پەرۆش یەك چرکەسات لە خۆفێر کردن غافڵ نەبم بۆ ئەوەی بتوانم شتێکی گەورەترو بە نرختر لە زانیاری بخەمە بەر دەستی منداڵان.

(ب) ویستی نکووڵی بکا. دەرفەتم نەدا. پێمگوت دەبێ لەگەڵ هاوشارەکەت روو بە روو ببیتەوە. لە سەرنجی شەرمەزارییەوە دیار بوو برادەرەکەی بوختانی پێ نەکردبوو. یەك سەعات قسەم بۆ کرد کە ئێمە لە چ رۆژگارێك دەژینو ژیان مانای چییەو مامۆستا چ دەورێکی هەیە بە تایبەتی لە بارو دۆخی ئێستادا چەند پێویستمان بە مامۆستای دڵسۆزو راستەقینە هەیەو وڵاتەکەمان چەندە پێویستی بە مامۆستای خاوەن هەڵوێست هەیە. سەرنجم بۆ بارو دۆخی گوندو بۆ پێی پەتیو رووی زەردی منداڵانو بۆ ژیانی کوێرەوەری خەڵك راکێشا.

زۆر بە وردی گوێی دایە قسەکانو بەردەوام رەنگی دەگۆڕا. تێری قامچی خوارد. ئێستا ئەوەندە بەسە!! ناتوانین لە گەنجان نائومێد ببین. بە تایبەتی ئەوانەی رۆحیان بریندارەو شەربەتی تاڵی بێ بەشییان چەشتووە.

پەروەردەو فێرکردن ئەگەر پتەوو بەر بڵاو بێ‌و ناوەرۆکێکی پێشکەوتووی هەبێ، بێ گومان بەرهەمی دەبێ. (ب) پاشان بوو بە مامۆستایەکی دڵسۆزو چالاکی منداڵان. سەرەسمکی لە داخوازیی کەم‌و هەموو کۆتێك داو دەستی بە ژیانێکی نوێ کرد. پاشان، هەموو جارێ، دەمدی شینە جانتایەکی پڕ کتێبی بە شانی دادەداو بە هەنگاوی خێرا، کوێرەڕێی گوندانی دەکوتایەوە. ئەو، کە جاران دەیەویست دەوری پسپۆری چاکردنەوەی تەلەفزیۆن ببینێ و بۆ خۆی خەونی بە شتی خۆشەوە دەدی، دوای دەورەی سەربازیی، لە دوورترین گوندی لوڕستان بوو بە مامۆستا بۆ ئەوەی چرای کوژاوەی گوندەکانی دەورو بەر دابگیرسێنێ. یادی بە خێر!!

***

بەفر لێی کردبووە. ئاسمان وەکوو تۆپەڵە خۆڵەمێشێکی گەورە دە سەر سەرمان داهاتبوو.کە گەیشتمەوە گوند، شەو، بە بیانووی ژانە سەر نەچوومە ماڵی کەس. خەجاڵەت بووم بەرامبەر بەو خەڵکە. هیچ پرسم پێ نەکردبوون. سەربەخۆ بڕیاری ڕۆیشتنم دابوو. بەیانی، خەڵك چیم پێ دەڵێن؟ منداڵ هەستیان چی دەبێ؟من خۆم حاڵم چۆن دەبێ؟

شەو، پڕوبوزگوڕو شڕو شیتاڵەکانم لە ناو دوو جانتا نا. تا درەنگ لە ناو جێ هەر گەوزم داو قەپم لە لێوم گیر کرد. ئەوەندەم جگەرە کێشا بوو، کورد گوتەنی زمانم وەکوو کلکی مار تاڵ ببوو. دەتگوت دەچمە گەشتێکی بێ گەڕانەوە. وەکوو یەکێ وا بووم لە یارو دیار دابڕێو روو بکاتە ولاتێکی غەریبایەتی دوور. بە من بوایە شەو کۆتایی نەیەو هەرگیز بەیانی نەدا. ئەوە چ کارێك بوو من کردم؟ لێرە، لە هەڕەتی ژیاندا هەناسەم دەدا. جێگام لە ناو دڵی خەڵکەکە بوو. شار! شار چییە؟! تێر گریامو خەوم لێ کەوت.

بەیانی تازە خۆرەتاو خوێنی خۆی لە سینگی ئاسۆی بۆر هەڵدەسوی، کە لە خەو بە خەبەر هاتم. نوێنەکەم پێچایەوەو تەختی سەفەریم چەماندەوەو دوو مافووری خەڵکم لا بوو، گەسکم دانو داموەشاندنو لوولم دانو بە قوژبنێکم هەڵپەساردن. دڵم وەکو دڵی باڵندەیەکی بەربوو لێی دەدا. حاڵم باش نەبوو. دەستو دڵم دەلەرزی. رەنگم لە رووا نەما بوو. هەندێ منداڵ لە بن دیواری قوتابخانە کۆ ببوونەوە. یەکێ لە منداڵەکانم نارد بە کێخوا بڵێ تەرەنتەرێك بنێرێتە بەردەم قوتابخانە، ئیشم پێیە. دەمەویست هەتا بکرێ کەمتر خەڵك هەست بە رۆیشتنم بکەن. حەوسەڵەی بینینی رووی پەشۆکاوو سیمای پەرێشانم نەبوو. بارگرانی یەك چیام لە سەر دڵ بوو. توانای هەڵگرتنی

باری غەمو مەینەتی ترم نەبوو. یەکێ لە قوتابییە بە تەمەنەکانی قوتابخانە – یەحیا شەریفی – باسی ئەو رووداوەتان بۆ دەکا. لە خوارەوە، چەند دێرێکی نامەکەیتان بۆ دەنووسمەوە. نامەکە پڕ بوو لە هەڵەی نووسەوەری . هەڵەکان چاك کراونەتەوە. (دانەیەکی نامەکە لای خۆم پارێزراوە). یەحیا تازە فێری خوێندنو نووسین ببوو. تەنیا ئەوەندە دەڵێم بە زۆر بەرۆکی خۆم لە دەست دەرهێناو بە زۆر لێخوڕەکەم ناچار کرد تەرەنتەرەکەی دوور بخاتەوەو بەرەو شار بازوا. بێ پسانەوە وەکوو هەورێکی بەهاری چەند ساڵ بێ نەبارییێ، لە گوندەوە تا شار هەر گریام.

چەند پارچەیەك لە نامەکەی یەحیا شەریقی:

(بەیانی زوو لە خەو هەستام چوومە حەوشە. رەزای قوتابی پۆلی پێنجەم بە هەشتاوی هاتە حەوشەو بە برا بچووکەکەمی گوت: عەلی بەخش، وەرە بچین، جەنابی بەڕێوەبەر دەیەوێ بڕوا. بە غار چوونە لای قوتابخانە. منیش، لە خورینی، لە حەوشە چوومە دەرەوە. دیتم بەردەم قوتابخانە قەرەباڵغە. بە غار خۆم گەیاندە ئەوێ. خەڵك نەیاندەزانی تۆ دەڕۆی. لە بەر دەنگو هەرای منداڵان وایاندەزانی شەڕە لە بەردەم قوتابخانە. لە هەموو لایەکەوە دەهاتن. بە

منداڵەکانیان دەگوت بۆچی دەگرین؟ منداڵ دەیانگوت: مامۆستامان دەڕوا. هەموو ژنانی گوند هاتبوون. دەیانگوت: خودایە، ئەتۆ بکەی نەڕوا. دوو سێ ژن هاتن پێشیان گرتیو لێت پاڕانەوە نەڕۆی. تۆ رووت گرژ بوو. خەفەت گەرووی گرتبووی. دەچووی منداڵەکانت ماچ دەکرد. بەهروز لێ نەگەڕا ماچی بکەی. دەگریاو دەیگوت: مەڕۆ! سەرنجێکت لە چاوەکانی بەهرۆز داو چاوت پڕ فرمێسك بوو. منداڵ هەموو دەگریان. ویستت سواری تەرەنتەر ببی، مەشهەدی خودادادا خۆی هاویشتە سەر پێڵاوت. پێڵاوی ماچ دەکردیو دەپاڕایەوە. تۆ گوێت پێ نەدا. سواری تەرەنتەر بووی. چەند منداڵێك لە پێش تەرەنتەر بوون. لا کەوتن. کە تەرەنتەر رۆیشت، خەڵکەکە خەریك بوو تێك بەر بنو لێك بدەن. ئەو دەیگوت: سووچی تۆ بوو. ئەو دەیگوت: سووچی تۆ بوو. یەکێ گوتی: ئێوە بۆچی لێك دەدەن؟ سەلاوەتێك لێ بدەن. یەکێکی دی گوتی: کابرا... باش بوو تازە رۆیشتو خراپ بوو تازە رۆیشت، لەمڕۆوە ئیتر کەس خەوی لێ ناکەوێ. دەبێ هەر بۆی بگرین.

من لە خەفەتان گەرووم گیرا بوو. قسەم بۆ نەدەکرا. هاتمەوە ماڵێو دەستم بە نووسینی ئەم نامەیە کرد. دەمنووسیو چاوم پڕ رۆندك بوو. تۆ (کتێبی منداڵان)ت بۆ منداڵان دەهێنا. باش فێرت دەکردن. بە پارەی خۆت دەفتەرو قەلەمت بۆ منداڵان دەکڕی. بە

پارەی خۆت کتێبی هەقایەتی خۆشت بۆ دەهێنـاین. هەمیشـە سـەرت دانەواندبوو. کەس ناو چاوی نەدەدیتی. ڕۆژی هەینی، لە ناو قوتابخانە نەدەهاتیتە دەرەوە. هەقایەتو داڕشتنی منـداڵانت دەخوێنـدەوە. بـێ خەوی‌و بەدبەختیت دەکێشا تـا چـیرۆکێکی خۆشـت لـە بـارەی ژیان‌و کوێروەری خەڵك دەنووسی.

تەرەنتـەر لـە گونـد بـە ڕێ کـەوت. یـەکێ لـە منداڵـەکان خـۆی بـە تەرەنتەرەکەوە کرد. دەیگوت بچێتە هەر کوێ، منیش دەچم. ئێمـەی منـداڵ سـەرگەردان‌و بـێ سەرپەرشـت ماینـەوە. تـازە چـۆن دڵمـان بەرەوەست دەدا بچینە قوتابخانـە؟! تاکـە ئومێدمان ئـەو بـوو. خـۆی لەگەڵ ماندوو دەکردین‌و کتێبی بۆ دەهێناین بۆ ئەوەی شت فێر ببین.

کە تۆ چوویتە شار، ئەو خەڵکە دەتگوت ئاگایان لە خۆیان نـەماوە. بێ سەر دەسووڕانەوە. وڕو گێژو حۆڵ بوون.

ئێستا مامۆستایەك هاتووە تەنیا دەرزی قورئان بـە منـداڵان دەڵـێ. منـداڵ دەرز نـاخوێنن. ئەوەنـدەی دەشـیانزانی لـە بیریـان چـۆتەوە. مامۆستای نوێ، کە دەوامی قوتابخانـە تـەواو دەبـێ. ڕوو دەکاتـە ئـەو دەشتەو چەند سەعات لـەو دەشـتە دەگـەڕێ. خەڵکەکـە دەڵـێن: ئـەی فڵانیش مامۆستا نەبوو؟ دوو ساڵ لەم گونـدە بـوو، ئێسـتایش هەنـدێ

ژن نایناسن. هیچ ژنێ چاوی پێ نەدەکەوت. دوای دەوام وەکوو زیندانییان لە ژوورەکەی خۆی نەدەهاتە دەرەوە.

منداڵ شیعرێکیان بۆ ئێوە نووسیوەو هەموو جارێ دەیخوێننەوە:

هەرکۆچ کۆچ ئەکرد،کۆچ بوی وەراس

دەنگی کۆچەگەت گەیی وە (ملەماس)

یاقووتی بار کرد وە ناڕەزا دڵ

عەلی یاری بوو مەنزڵ وە مەنزڵ

عەکسی یاقووتی روو وە روومانە

قسە خۆشەگەی تاجی سەرمانە

یەحیا شەریفی ٥٤/١١/٥

حەیف...!

بۆ ئەوە ئەم نامەیەو بە تایبەتی ئەم شیعرەم لێرە نەهێنایەوە تاخۆمی پێ هەڵبکێشم. ئەم سیفەتە بە سەد خەروار چرکیش بە منەوە نانووسێ. من دەمەوێ بسەلمێنم کە خەڵك نرخی ماندووبوونی ئەوکەسانە دەزانن کە بە راستی بۆ خاتری ئەوان ماندووبوون

دەکێشن. دەمەوێ ئەو مامۆستا بێ بڕواو نائومێدو لە خەڵك دابڕاوانە تێبگەیەنم ئەگەر دەبینن خەڵك روویان لەگەڵ خۆش نین ، با بزانن کەمو کورتی خۆیان چییەو لە کوێدایە. با بزانن خەڵك باشنو ئەگەر کەمو کورتییەك لە ئارادا هەبێ، سووچی هەڵسو کەوتی خۆیانە، سووچی رەفتاری خۆیانە لەگەڵ خەڵكو لەگەڵ منداڵان. لە فێرکردنی نادروستدایە. هەمووی لە ئەنجامی کردەوەی خۆیانە. مامۆستایەك بایەخ بە خەڵك نەدا، گوێ بە بیرو باوەڕو رێو رەسمی خەڵكو نەریتو رۆشنبیریی خەڵك نەدا بەو نیازەی ئەو نەریتە تیك بشکێنێ بە زۆر بیەوێ ئیشی پیسو کرێتی چەند کەسێکی تێرو تەسەلو بێ غەمو خەیاڵ بخاتە جێگای بیرو باوەڕو نەریتی چەسپاوو رەگاژۆی ناو جەرگەی گوند، بەو بۆچوونە پووچەی گوایە خەڵك نازانن قژبەردانەوە یانی چیو حەز ناکەن بابایەکی غەریبو لایدە چاوی بە کچەکانیان بکەوێو خەڵك لە مل کردنی مورووەکەرانە بە نیشانەی پێشکەوتن نازانن. ئەمانە ئەگەر چاو بە بیرو بۆچوونی خۆیاندا نەخشێننەوە، بەرەو رووی رقی بێ ئامانو نەریتی خەڵك دەبنەوە.

یەکێ لە هاوکارەکانم کە دڵێکی میهرەبانیشی هەبووحەفتەی سێ رۆژ لە گوند دەمایەوەو چاوەڕێشی دەکرد خەڵك رەفتاریان لەگەڵ باش بێ. بەردەوام گلەیی لە خەڵکی ئەو شوێنە دەکرد کە خزمەتی

تێدا دەکرد. وا تێدەگەیشت خەڵك بۆیە رەفتاریان لەگەڵ من باش‌و پڕ سۆزە چونکە خەڵکی گوندەکەی من تێگەیشتوون. قەت ئەقڵی پێ نەدەشکا ئاو لە سەرچاوەوە لێڵە!!

بەر لەوەی کۆتایی بە بەشی دووەمی ئەم دەفتەرە بێنم، پێویستە چەند قسەیەك لە بارەی کرمانجەکان بکەم‌و چەند دێرێکیش لە بارەی مامۆستای نوێ‌و ئەو شتانەی بە چاوی خۆیان لێیان دیبوو بنووسم. مشتێ نموونەی خەروارێکە:

ئەو مامۆستا نوێیەی باسی دەکەم منداڵی شاری (س) بوو . کە چاوی بە دونیا کردبووەوە، بانگی بانگوێژی رژابووە ناو گوێ. لەو دەورو بەرە گەورە ببووو پێگەیشتبوو کە لە سەرەتای ئەم دەفتەرەدا چەند دێرێکی بۆ تەرخان کراوە: شارێکی بچووکی بێ کارگەو بێ کتێبخانەیەکی دروست‌و تەواوو بێ شانۆو بێ بەش لە هەموو دیاردەیەکی شارستانی‌و دەستکەوتی تەکنۆلۆجی. شارێکی پڕ مزگەوت‌و تەکیە. شارێ کە هێشتا قەمەکێشی تێدا باوە بەڵام دوور لە چاوی پۆلیس. خەڵکەکە هێشتا پابەندی رەوشتی روو لە نەمانی سەردەمی دەرەبەگایەتین. باوەڕیان بە دوعاو ئەفسوون‌و جادوو هەیە. هێشتا دەرگەوان‌و مارگرەکان دایاندەدۆشن. ئەویش بەری کاڵ‌و تفت‌و

تـالّی ئـەو جـۆرە دەورو بـەرە بـوو. نـۆ پـۆلی خوێنـدنی هـەبوو. خـۆی مامۆستای گرێبەست بـوو. بـە ئەنقـەس و بـە پێـی بەرنامەیـەکی داڕژاو چووبووە جێگای من بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خۆی ژەهر بـە بـیرو راکانی من وەربکاو لە ناویان ببا. بەڵێ بە سـواری پـیرە بـارگینی شـەلی بـیرو باوەڕی سەدەکانی ناوەڕاسـت و بـە شمشـێری ژەنگـاوی بـیری توێـژی کۆلکە مەلاکان و بە یا ئەبولفەزل! ئەبولفەزل! بەرەو (مەیدان)ی چۆل لنگـی دابـوو. بـۆ ئـەوەی دژی مـن ( مـن بـە مانـای دیـدی زانسـتی و دەسـتکەوتی زانسـتی) بشـیرێنێ و بـە ئـەقڵی قونـدەی خـۆی ریشـەی گەندەڵی دەرکێشێ.

دوو قوتابی کچم لە پۆلی یەکـەمی سـەرەتایی هـەبوو. یەکـەم کـاری ئـەوە بـوو یەکـەو رووبەنـدی لـە روو دابـوون بـۆ ئـەوەی چـاوی نامەحرەمیان بە چاو نەکەوێ. یەکێ لـە کچـەکان نـاوی (رۆزێتـا) بـوو. مامۆستا باوکی کچەکەی ناچار کردبوو ناوی کچەکەی بگۆڕێ و بیکا بـە (فاتیمە) ( ئاخر رۆزێتا ناوی کچە ئەرمەنانەو ئەرمەنی کافرو گلاون).

بینا بە قسەی خەڵك، هەموو رۆژێ یەکەو مەسینەی دەدایە دەست منداڵـەکان بـۆ ئـەوەی مزگـەوت پـاك بکەنـەوە. نـە دەرزی ( رێنمـایی کۆمەلایـەتی) دەگوتـەوەو نـە (زانسـت)و نـە (ژمـارە)، تـەنیا قورئـان و

بەس!! دەیگوت منداڵ لە قورئان زیاتر نابێ هیچ کتێبێ بخوێنێتـەوە. خەڵك دەیانگوت: ئاخر منداڵەکانی پۆلی پێنجەم دەبێ تاقی کردنـەوەی گشتی بـدەن. دەیگـوت: بـە بەرەکـەتی ئەبولفـەزل هـەموو یەکسـەر دەردەچن. پشتتان بە خودا قایم بێ!!

منداڵ یەك حەفتـە مانیـان گـرتو نەچـوونە نـاو پـۆل. بـە یارمـەتی باوکیـان، ناچـاری کـردن مـان گرتنەکـە بشـکێنن. ئینجا لـە بـن داران رایخستن. گوێی منداڵێکی شەق کردو بە پێلەقـە بـە سـەر قوتابییـەکی پۆلی یەکـەم کـەوت. بـاوکی ناچـار بـوو بردییـە نەخۆشـخانەی شـار. مامۆستا پێی لە کانی نەدەبڕی. ئەویش بە تای دەرپێییەك.

خەڵکەکە چەند جار ویستیان لێی بدەن، من لێ نەگەڕام. پێمگـوتن: بە هەر حاڵ ، مامۆستایە، گـەنجو کاڵفامـە. وردە وردە ئـەقڵی دێتـەوە سەر. بە لێدان هیچ پێك نـایێ. هـەوڵ بـدەن بـەڵکو بـە قسـە ئیقنـاعی بکەن. داوای لێ بکەن دەرز بە منداڵە کانتان بڵێو...

هەر ئەو کابرا بە ناو ئیماندارە، بە فرتو فێڵ چی کتێبی من دابووم بـە منداڵـەکان، هـەمووی لـە بـەر دەسـت دەرهێنـانو سـووتاندنی. دەیگوت: فلانـە کـەس ویسـتوویەتی رەوشـتتان تێك بدا. بـە کـەیفی خۆی، کۆمەڵە کتێبێکی لـە دەزگایـەکی خێرخـوازی وەرگـرتو دای بـە

منداڵەکان بۆ ئەوەی بیانخوێننەوە. بیستم منداڵەکان کتێبەکانیان لێ وەرگرتو... چ بڵێم؟ ئەو منداڵانە بەڵانە بەڵا!!

ئەنجام خەڵکەکە نەیانتوانی چیدی بەرگەی ئازارەکانی بگرنو لە گوند دەریان کرد.

جەنابی مامۆستا دژی رژێم خەباتی نەدەکرد. سەرنجی منداڵەکانی بۆ نالەبارییەکانو هۆی رۆژە رەشییەکانو ناکۆکی نێوان خەڵکی گوندو جەندرمەو ناکۆکی نێوان خەڵكو...رانەدەکێشا. پڕو پاگاندەی لە دژی ماکێتی(مەتریالی)دا دەکرد. وەك ئەوەی هەموو گیروگرفتی خەڵك چارەسەر بووبێ، هەر مابێتەوە سەر دژایەتی کردنی ماکێتی!!

ئای فەقێ!! فەقێی گەنجو خەباتگێڕ!! یادی بە خێر! یادی ئەو گەنجەی کە سەراپای گیانی ئەشقی ئەو خەڵکە بێ بەشە بووو دەیزانی لە خەباتی دژی ئیپریالیزمو دکتاتۆریدا ئەگەر هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکان یەك نەگرن، هەرگیز ناگەنە ئامانج!

***

(٣)

با سەرنج لە دەورو بەری خۆمان بدەین! هەرچی بە کەلکمان دێ‌و بە کاری دێنین‌و مایەی حەوانەوەو ئارامیمانە، بەرهەمی کارو تەلاشی پیرۆزو بەردەوام‌و ماندوێتی نەزانیی زەحمەتکێشانە. ئەو فەرشەی لە ژێر پێمانە بەرهەمی تەونکەرانە. ئەو خانووەی تێیدا دەژین بەری ماندووبوونی وەستاو کرێکارانە. ئەو نانەی دەیخۆین‌و ئەو میوەی قەپی لێ دەدەین کرمانج بەرهەمیان هێناون. پێڵاودروو پێڵاومان بۆ دروست دەکاو دورمانکەر جل‌و بەرگ! کرێکار سەرسەختانە کار دەکاو بە یارمەتی زانست‌و تەکنیك کەرەستەی خاو دەکا بە ئامێرە بە سوود. لە سارنج‌و رادیۆو تەباخ‌و ترومبێلەوە بگرەو پێدا برۆ. هەمووی بەرهەمی رەنج‌و کۆششی دەستی کرێکارانە.

لە کاتێکا کە هەموو ئەو هێزانەی ئایندە دروست دەکەن، بۆ حەوانەوەو ئاسوودەیی من تێدەکۆشن، منی مامۆستایش ئەگەر بەش بە حاڵی خۆم بۆ دروست کردنی بینای بەرزی ژیان تێنەکۆشم، ئەگەر بە بیانووی نەبوونی پێداویستی، ئەستۆ لە ژێر باری لێپرسینەوە بکێشمەوەو بە چاکی منداڵانی خەڵك فێر نەکەم‌و وەکوو چرایەکی

داگیرساو خۆم بۆ منداڵەکانیان نەسووتێنم، دیارە خیانەتم لەو خەڵکە کردووە.

هەندێ مامۆستا کەمیی مووچە دەکەن بە بیانوو دەرز بە منداڵان ناڵێنەوە. جگە لەوەیش دەچن لە ناو پۆل پڕو پاگاندە دەکەن، دەڵێن: ئەگەر دەتانەوێ لە ژیاندا خێر لە خۆتان نەبینن، بڕۆن ببن بە مامۆستا! منداڵان هان دەدەن پیشەی تر هەڵبژێرن.دەڵێن ژیانی سەردەستەیەکی سەربازیی لە ژیانی مامۆستا باشترە. باشە ئەگەر مامۆستا مووچەی کەمە، منداڵ سووچیان چییە؟ گوناهیان چییە؟ بۆچی دەبێ سزای گرێ کوێرەکانی من بخۆن؟ !ئەو منداڵانە ئامادەن چاو لە پارەی رۆژانەی خۆیان بپۆشن ، هەر بۆ ئەوەی مامۆستا ژیانی دابین ببێ.

مامۆستا هیچ بیانوویەکی بە دەستەوە نییە بۆ ئەوەی خۆی لە کارەکەی بدزێتەوە، یان کەمتەرخەمی بکا، یان بە چاکی دەرز نەڵێتەوە. با شت لە خەڵك فێر بین. ئەگەر ئەو قسەیە راست بێ کە دەڵێ: (مادام من ژیانم دابین نییە، سندان لە منداڵان دا!) مانای وایە کرمانج دەبێ هیچ بەرهەم نەهێنێ، کرێکار دەست لە کار هەڵگرێ، نانەوا نان نەکاو زبڵڕێژی گەڕەك زبڵ کۆ نەکاتەوە. با شت لە خەڵك

فێر بین کە ئیش دەکەن و بە ڕێگای دروستو بە شێوەی جیا جیا لە پێناوی ژیانێکی دروست تێدەکۆشن. پەندێکی پێشینان هەیە دەڵێ: (بە کەرێ ناوێری، هەڵدێتە کورتانی.) باشە، ئەگەر ناڕەزاییەك هەیە، بۆچی زەبری ئەو ناڕەزاییە بەرەو ڕووی ڕژێمی ستەمکار نەکرێتەوە؟ بەرەو ڕووی سەرمایەداریی وابەستەو...

دەمەوێ باسی ئەوەیش بکەم، من کە باسی بیناو توانای قوتابخانە ناکەم هۆی ئەوەیە ژیانو پەیوەندی خەڵکەکەم بە لاوە گرنگە. ئەو بێشەیە پڕ دەختی جوانە، بەڵام کێ؟و لە چ هەلو مەرجێکدا نەمامەکانی ئەو بێشەیەیان چاندووەو خزمەتیان کردوون؟ فەرشی ژێر پێم جوانە، بەڵام کێ؟و لە چ هەلو مەرجێکدا، بەرهەمیان هێناوە.

قوتابخانە نوێکە چند مامۆستایەکی ژنو پیاوی تێدا بوو.

بەڕێوەبەری قوتابخانە پیاوێکی بە ڕێزو ڕووەتو دڵنەرمو ساویلکە بوو. بە وردی ڕێنماییەکانی جێ بە جێ دەکرد. کە زەنگ لێی دەدا، مامۆستاکان دەیانزانی دەبێ کۆتایی بە چەنەبازیی بێ هوودەیان بێنو بچنە پۆلەکانیان. مامۆستاکان بە هۆی ئەمەوە لە بەڕێوەبەر ناڕازی بوون. پاش ملە بوختانیان پێ دەکرد. چییە؟ ڕێ نادا کاتی دەرز بخۆنو نوکتەی پیسی جنسی بگێڕنەوەو لە ناخی دڵەوە پێ

بکەنن. من ئەم لایەی رەفتاری بەڕێوەبەرم بە دڵ بوو. لایەنەکانی تری رەفتاریشی، پاشان دێمە سەری‌و لێی دەکۆڵمەوە.

مامۆستای وەرزش، کە نـاوی دەنـێم (عـەلی)، جووجەڵەیـەکی تـازە جووقاو نەبوو، یەك مێزەر مووی بە سەرەوە بوو. نینۆکی پەنجەیـەکی یەك سانتیمەتر درێژ بوو.

جەنابی (ر)، هەرچـەندە ژن‌و منداڵیشـی هـەبوو، عـەنباری نەکتـەی سواوی جنسی بوو. کاری ئەوە بوو، کـە زەنگـی پشـوو لێـی دەدا، لـە ژووری مامۆستایان، وەکوو لاور باسـی قـەدو قامـەتی کچانی دەکردو ئاوی لە لچ‌و لێوی مامۆستاکان دەهێنا.

جـەنابی (د) مامۆسـتایەکی بـاش‌و دروسـت نـەبوو، بـەڵام هەنـدێ لایەنی چاکی تێدا هەبوو. تا پێی بکرایە خۆی لەگەڵ منداڵەکان مانـدوو دەکرد. خەفەتی لە نەخوێندەواریی دەخواردن. سکی پـێ دەسـووتان. بۆ پێشخستنی کارو باری دەرزی منداڵان، سەرسەختانە تێدەکۆشا.

ئەوانەی تریش وەکوو گۆرەوی وشك دەچوونە پـۆل‌و لـە منـداڵانیان دەداو دەهاتنـەوە. بەڕێوەبـەر، کـە فیـزی پـەروەردەو تێگەیشـتنی لێ دەدا، لە ناو حەوشە دەگەڕاو پیسترین جوێنی بە منداڵان دەدا.

قوتابخانەکە هیچ کتێبخانەی نەبوو. چەند کتێبێکی بێ مفاو داخوراو، چەند ساڵ بوو، لە ناو کۆنە دۆڵابێك کەوتبوون.! هەر بۆ ئەوەی ستوونێکی ئاماریان پێ پڕ بکەنەوە. دۆڵابێکی بچووك‌و پاك‌و خاوێن لە راڕەوەکە هەبوو. بڕیارم دا بیکەم بە کتێبخانەیەکی بچووك. نیوەی مووچەی مانگێکم نایە لاوەو کۆمەڵێ کتێبی بنکەی پەروەردەی بیری منداڵ‌و نەوجەوانان‌و هەندێ کتێبی پێشکەوتنخوازانەو بڕێ کتێبی جیا جیای نووسەرانی هاوچەرخی باشم کڕی‌و کە زەنگی پشوو لێیدا، بێ ئەوەی پرس بە بەڕێوبەری قوتابخانە بکەم (بەڵام گوتبووم بە تەمام کتێبخانەیەك دروست بکەم)، کتێبەکانم بە ڕێك‌و پێکی لە ناو دۆڵابەکە ریز کرد. کە زەنگی پشوو لێیدا، لەگەڵ جەنابی (د) چووینە ژووری بەڕێوەبەر. دیتم کتێبەکانیان لە ناو دۆڵابەکە دەرهێناوەو لە سەر مێزی بەڕێوەبەر پەرت‌و بڵاویان کردوونەتەوە. بە واق ورماوی تەماشای بەڕێوەبەرو یاریدەرم کردو گوتم:

- ئەمەتان بۆ کردووە؟

بەڕێوەبەر بابایەکی شەرمن‌و رووناسك بوو.گوتی:

- زەحمەت نەبێ لە سەر ئەم کتێبانە مۆر بکە!

گوتم:

- باشە، مۆر دەکەم . بەڵام بۆچی؟

یاریدەر گوتی:

– دەمانـەوێ لێپرسـینەوەکە لـە سـەر خۆمـان لا ببـەین. نامانـەوێ نانمان ببڕێ.

گوتم:

– مەبەستتان لە نانبڕان چییە؟

یاریدەر گوتی:

– هەر بەڵایەکی بە سەر بنیادەم دێ، بە هۆی کتێبـەوە بـە سـەری دێ.

بە خۆشییەوە پێکەنینێکی مانادارم بۆ کردو گوتم:

ئێوە بـە جـۆرێ قسـە دەکـەن، دەڵێـی، خـوا نەخواسـتە، لـەو دیـو چیاوە هاتوون. بۆچی بـە ئاشـکرا مەبەسـتی خۆتـان دەرنـابڕن؟ ئـەم کتێبانە هەموو ژمارەی سپاردنی کتێبخانەی گشـتییان هەیـە. زۆربـەیان هی بنکەی پەروەردەی بیری منداڵو نەوجەوانانن.!

تا ئەو کاتە ناوی بنکەیان هـەر نەبیسـتبوو. ناچار بـووم بـۆم ڕوون کردنەوە:

(بنکــە) دەزگایــەکی دەوڵەتـــە. ســـەدان کارمەنـــدی هەیـــەو لـــە سەرانسـەری ئێرانـدا، جموجـوولو چـالاکی دەنـوێنێ. لقی لـە هـەموو

شارەکان هەیە. دەتوانن کتێبە پێشکەوتنخوازەکانیش بخوێننەوەو بزانن چییان تێدایە. کۆمەڵە کتێبێکی مرۆڤایەتین و بەس! بە شێوازێکی شیرین و ئاسان بۆ منداڵان نووسراون...

ناچار بووم یەکە یەکە کتێبەکانم مۆر کرد. ئەوسا خەیاڵیان ئاسوودە بووو دڵیان داکەوت و هەناسەیەکی ئۆخەیان هەڵکێشا. کتێبخانەکەم بە گەڕ خست. منداڵ سرەیان دەگرت و کتێبیان دەبرد. چەند جار بیانوویان دەگرت و کتێبخانەکەیان دادەخست گوایە (وەرزی ناقی کردنەوەیە).

**

دەبوایە بە جۆرێ، رادەیەك بۆ جوێنە ناشیرینەکانی بەڕێوەبەر دابنێم. دەرفەتێکی لە بار هەڵکەوت و ناچار بووم لە ناو پۆل گوتارێکی دوورو درێژم داو گوتم:

ئەو پیاوە هیچ هەقی نییە سووکایەتیتان پێ بکا. گوتم:

مرۆڤی ماقووڵ و رۆشنبیر رێگە نادا هیچ کەس سووکایەتی پێ بکا. گوتم:

ئەگەر یەکێ پێتان بڵێ (جاشەکەر) هەقە بچن بمرن، چونکە قوتابخانە جێگای چارەو نییە. جێگای چارەو تەویلەیە.

منداڵەکانی پۆل، پاشان، کارێکی وایان کرد بەڕێوەبەر خەتی بە دەورەدا کێشان و ناچار بوو ڕوو بە ڕوو ئاگای لە قسەکانی بێ و قسەی خۆشیان بۆ بکا.

*

ڕوخسەت بدەن مەسەلەیەکی پەیوەست بە پەروەردەو فێر کردن باس بکەم:

مامۆستا خانمەکانی قوتابخانە، کە مامۆستای ئەرکناس و کۆشا بوون، مامۆستایەکی خانمیان تێدا بوو ناوی دەنێم (ا). (ا) لانی کەم حەفتەی جۆرە جلێکی لە بەر دەکرد. لەو شارە بچووك و داخراوو دواکەوتووەدا، هەموو ڕۆژێ، گوڵێکی لە باخچەی ماڵەوە دەقرتاندو لە بەرۆکی خۆی دەدا. کاتەکێ زانیمان کاتێ هەموو مامۆستا خانم و پیاوەکان لە ژووری مامۆستایان دادەنیشن، ئەو مامۆستا خانمە لەگەڵ مامۆستای وەرزش ، بە دوو قۆڵی، لە حەوشە پیاسە دەکەن. باشە، پیاسە کردنی مامۆستایەکی خانمی عازەب لەگەڵ مامۆستایەکی پیاوی ڕەبەن، بۆ جارێك و دوو جار و سێ جار، گرنگ نییە و سەرنج ڕاناکێشێ بەڵام ئەگەر هەموو ڕۆژێ، هەمان مامۆستای خانم لەگەڵ هەمان مامۆستای پیاو بە یەکەوە پیاسە بکەن، یان بە تەنیا بخزێنە

قوژبنێکی حەوشەو بە دەنگی بەرز پێ بکەنن و سەرنجی پڕ مانا لە یەکتر بدەن، ئەگەر هیچ مەبەستیشیان نەبێ، قسەی بە دەمەوە دەکرێ!

که ئەوان لەوێ نەبوونایە، مامۆستاکانی دی بە تەوس و گاڵتەوە ئاماژەیان بۆ پەیوەندی نێوانیان دەکرد. ڕۆژێ، لە کاتی پشوودا، لە ژووری مامۆستایان دانیشتبووین، خانمی (ا)و مامۆستای وەرزش لە حەوشە، لە سەر کورسی و لە بەر خۆرەتاوی خۆش دانیشتبوون قسەی خۆشیان بۆ یەکتر دەکرد. لە ناکاو بوو بە هەراو زەنا لە حەوشەو دەنگی ( هۆی های)ی منداڵان وەکوو لافاو ڕژایە ژوورەوە. چاوەدێر دەستی دایە کێبڵێکی ڕۆحتەزێن و چووە حەوشە بۆ ئەوەی هات و هاوارەکە دامرکێنێتەوە. چاوەدێر بە کێبڵ و جوێن هات و هاواری منداڵانی کپ کردەوەو فیکەی لێداو هەموو منداڵەکانی ریز کردو ڕەوانەی پۆلەکانی کردن.

پاش دوو حەفتە، بەیانییەك، پێم لە دەرگای حەوشە هاویشتە ناو قوتابخانە، دیتم مامۆستای وەرزش قوتابییەکی پۆلی منی داوەتە بەر پێلەقە. مامۆستای وەرزش ، کە منی بینی، دەستی لە لێدانی قوتابییەکە هەڵگرت و بە هێنکە هێنك و بە گۆنای سوور هەڵگەڕاو

مێزەری سەری ڕێك خستو چووە ژووری مامۆستایان. چوومە لای منداڵەکەو لێم پرسی:

– ئەوە بۆچی لێیدای؟ چت کردبوو؟

بێ ئەوەی بگری، گوتی:

– مامۆستا، ئەوە دوو حەفتەیە ئێمە ناچینە پۆل. هەموو قوتابییەکان لە دەرزی ئەو ناچنە پۆل. تا ئێستا بە ئێوەمان نەگوتووە. هەر کامەمان دەبینێ، دەیداتە بەر پێلەقە! من دوا کەسم لێدان دەخۆم.

دەمزانی بۆچی نەدەچوونە دەرزەکەی. ئەوە بوو بە قوتابییەکەم گوت:

– ئێستا برۆ لای منداڵان. بیرێکی لێ دەکەمەوە.

کە زەنگ لێیدا، منداڵ (ژمارە)یان هەبوو. قسەکانی خۆمم بۆ دەرزی دوای ئەوە هەڵگرت. یەکێ لە قوتابییەکان روخسەتی وەرگرت بۆ ئەوەی بچێتە دەرەوە. کە هاتەوە، زۆر بە کوڵ دەگریا. چاوی لە بەر گریان سوور ببووو دەستی بە سەری خۆیەوە گرتبوو. بە نیگەرانیو سەرسامی لێم پرسی:

– ئەوە چ بووە؟ بۆچی دەگری؟

بە هۆڕە هۆڕ گوتی:

– مامۆستا، خانمی (ا)و مامۆستای وەرزش بە دارو مستو پێلەقە لێیان دام.

دەستی لە سەر سەری لابرد. تەماشام کرد. بە قەدەر هێلکە مریشکێك ئەستوور ببوو. لێم پرسی:

– ئاخر بۆ لێیان دای؟ هەڵبەت شتێکت کردووە!

گوتی:

– نە بەخوا! مامۆستا، هەروا بە هۆلەکەدا دەڕۆیشتم.

گوتم:

– چۆن دەبێ هەر ئاوها بە خۆڕایی لە یەکێ بدەن؟!

گوتم ڕەنگە حەز نەکا لە بەردەم قوتابییان قسە بکا. دەستم گرتو لە ناو پۆل بردمە دەرەوە. داوام لێ کرد مەسەلەکەم بە ڕاستی پێ بڵێ. سەری دانەواندو گوتی:

– مامۆستا، دیتم دەستیان لە ملی یەکتر کردبوو!!

چوومەوە پۆل. منداڵ بە ناڕەزایی منگە منگیان بوو. ئاماژەم پێدان بێدەنگ بن‌و گوتم:

– بە قسەی خۆتان، ئەوە دوو حەفتەیە هەر کامەتان دەبینیٚ، دەیداتە بەر پێلەقە. جگە لەوەیش، چارەنووسێکی وەکوو چارەنووسی ئەم برادەرە چاوەڕێی هەمووتان دەکا. ئەگەر هەر وا بێدەنگ بن‌و بیٚ هوودە منگە منگ بکەن، ناحەزەکەتان رووقایمتر دەبیٚ. پێویستە دەرزێکی وای بدەنیٚ تا عومری ماوە لە بیری نەکا. فێر ببیٚ ریزی قوتابی بگریٚ‌و لە ناو حەوشەو لە بەر چاوی منداڵان ئیشی پیس‌و چرووك نەکا. ئەمڕۆ لەمەی داوە، بەیانی نۆرەی یەکێکی ترە. بە کۆمەڵ ئیش بکەن. بەو جۆرەی کە خۆتان دەزانن. خەیاڵیشتان ئاسوودە بی، تا من لەم قوتابخانەیە بم، لیٚ ناگەڕێم هەقتان بخوریٚ، یان ٢٥٪ی نمرەی تاقی کردنەوەتان دابشکێنن، یان یەکێکتان لە قوتابخانە دەربکەن.

منداڵ لێکرا بە (هۆی های) دەرپەڕینە دەریٚ. چووم مەسەلەکەم بە جەنابی (د) گوت‌و داوام لیٚ کرد ئەویش رێگای قوتابییەکانی بدا بچنە ریزی قوتابییەکانی من. ئیتر منداڵەکانی پۆلی (د)یش دەرپەڕینە دەریٚ. هەر لەو قوتابخانەیەدا، لە سەرەتای دەوام، دوو حەفتەیەك

مامۆستای پۆلی سێیەم بووم. ڕۆحیان لە سەر سەری من بوو. مامۆستاکەیان خانمێك بوو هێشتا نەهاتبوو. چووم مەسەلەکەم لە منداڵانی پۆلی سێیەم گەیاند. ئەوانیش لە خوایان دەویست. بە گاڵتەو پێکەنین ڕژانە دەرەوە. قوتابی لە حەوشدا کردیانە فیکەکێشان و (هۆی های! هۆی های!)و چەپڵەلێدان.

جگەرەیەکم داگیرساندو چوومە لای (د). بەڕێوەبەر بە تووڕەیی و پەشۆکاوی هاتە لامانەوە. ڕووی کردە من و بە دەنگێکی لەرزان گوتی:

- دەستم بە دامێنت شتێ بکە! منداڵ قوتابخانەیان خراپ کرد. هەموو پۆلەکان چۆل بووین. منداڵ لە بەردەم پۆلی خانمی(ا)و مامۆستای وەرزش کۆبوونەتەوە. فیکە دەکێشن و قسەی ناشیرین دەکەن. دە ساڵە بەڕێوەبەرم. ئابڕووم چوو. (سەرزەنشت)م دەکەن.

بە ساردی گوتم:

- مەسەلە چییە؟ من لە پۆل بووم منداڵ دەتگوت شێت بووین. لە پڕ هەموو درپەڕینە دەرەوە. باشە، نەدەکرا بەو ئاغاو خانمە بڵێین وا نەکەن تووشی ئەم ڕووداوە پێشبینی نەکراوە بین.

- ئێوە چ ئاگاتان لێیە؟ من نەمویستووە گەندو گووی مەسەلەکە دەربکەوێ. پێش چەند حەفتەیەك بانگم کردنە ژووری

بەڕێوەبەرایەتی‌و بە سەرۆکم گوت قسەیان لەگەڵ یکا. زۆرم ئامۆژگاری کردن. بەینی خۆمان بێ شوولیان لێ هەڵبڕی بوو. تخیان لە هەموو شتێ کردبوو. گوێیان بە قسەی کەس نەدەدا. لە ناو شاردا، دەنگ بڵاو بۆتەوە کە دەستیان تێکەڵ کردووە. شار بچووکە. بچووکترین رووداو وەکوو تۆپ دەنگی تێدا دەداتەوە. توخوا کارێکی وا بکەن منداڵەکان بچنەوە پۆل. یاریدەریش لێیداوە رۆیشتووە. هەر خوا دەزانێ چۆتە کوێ؟! نازنم چ بکەم!!

گوتم:

– دەتەوێ (هۆی های) لە ئێمەیش بکێشن؟ پەندێکی پێشینان هەیە، دەڵێ:

(منداڵ تاج لە سەر سەری پاشا دادەگرنە خوارێ.) جەنابی بەڕێوەبەر، ئێمە لەم مەسەلەیە مەگلێنە! جگە لەوەیش، منداڵەکان هەقیانە. باشە، بۆچی (هۆی های) لە جەنابی مامۆستا(د) ناکەن؟ هەڵبەت گەیشتۆتە ئێسقانیان!

بەڕێوەبەر بە داماوی‌و پەشۆکاوی رۆیشت. لەو ماوەیەدا، ئاغاو خانم نەوێران پۆلەکەیان جێ بیلن‌و بێنە دەرەوە. ئەو کۆڵانەی بۆ

قوتابخانە دەهات پڕ ببوو لە خەڵکانێکی پەرۆش. نیوەڕۆ، منداڵ لە قوتابخانە ڕۆیشتن‌و چوونەوە.

دوای نیوەڕۆ، دەوری سەعات دوو، پاسەوانێکی سمێڵ بابڕ دەفتەرێکی لە بن هەنگڵ بوو هاتە قوتابخانە. ناوی حەفت قوتابی خوێندەوە. بە نیگەرانی‌و ناڕەحەتی گوتم:

- باش چاوەش گیان، هیچ بووە؟

گوتی:

- منداڵ هاتوونەتە پۆلیسخانە شکاتیان کردووە مامۆستای وەرزش لە هاوڕێیەکی داون‌و هاوڕێکەیان تووشی خوێنبەربوونی مێشك هاتووە. هاتووم لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەم.

منداڵەکانمان ریز کرد. بۆ ئەوەی نەتە بەر نەدەن‌و نەترسن، لە بەردەم باش چاوەش پێم گوتن:

- باش چاوەش وەکوو باوکتانە. ئەویش منداڵی خۆی خۆش دەوێ‌و حەز ناکا کەس لە منداڵی بدا. چیتان دەوێ‌و چی دەزانن بڵێن.

باش چاوەش گوتی:

- ئەگەر لە کوڕی من بدا پشتی دەشکێنم!

منداڵەکان وەکوو شێریان لێ هات. هەموو شایەتییان دا گوتیان: خۆمان دیمان مامۆستای وەرزش بە راستە لە سەری هاوڕێکەمانی داو جنێوی پێدا.

باش چاوەش کۆنووسەکەی بە قوتابییەکان مۆر کردو مامۆستای وەرزش‌و خانمەکەی بانگ کرد بۆ ئەوەی بیانبا بۆ پۆلیسخانە. بەڕێوەبەر کەوتە بەین‌و بە باش چاوەشی گوت:

– شار بچووکە. دەنگ‌و باس زوو بڵاو دەبێتەوە. جوان نییە مامۆستای خانم بچێتە پۆلیسخانە. ئێمە لێپرسراوی منداڵەکە رازی دەکەین.

پاسەوان رازی نەبوو گوتی ئەمە پێچەوانەی یاسایە. بەڕێوەبەر گوتی:

– تۆ مامۆستای وەرزش ببە. ئێمە پاشان خۆمان مامۆستای خانم دێنین.

لێپرسراوی کوڕەکەیش هات. یەك پارچە خرۆش‌و ئاگر بوو. هەر لەوێ‌و لە ژووری بەڕێوەبەر، مامۆستای وەرزشی دایە بەر ڕێژنەی جوین‌و هەڕەشەی لێ کرد گوتی دەبێ وا وات لێ بکەم. رازیمان کرد – هەڵبەت پاش هەوڵێکی زۆر _ کە مامۆستای خانم نەچێتە پۆلیسخانە.

بەڵام وازی لە مامۆستای وەرزش نەهێنا. مامۆستای وەرزش، کە ڕۆیشت، سەرنجێکی وای لە من دا هەر مەپرسە!! ئەگەر لە دەستی هاتبا، خوێنی فڕ دەکردم.

ڕۆژی پاشی، لێپرسراوێکی پەروەردەو فێر کردن هاتە قوتابخانە. هەموو قوتابییەکانی کۆکردەوە. گوتارێکی دوورو درێژی داو گوتی:

- پیویستە ریزی مامۆستاکان بگرن. هەر کەسە سەر پێچی بکا، دەردەکرێ. قوتابی هەقی دەربڕینی ناڕەزایی نییە. پێویستە تەنیا دەرزی خۆی بخوێنێ‌و بەس!! قوتابی چی داوە لە مانگرتن؟و...

ئینجا چووە پۆلەکەی من. من لە ژووری مامۆستایان مامەوە. بڕوام بە قوتابییەکانی خۆم هەبوو. پاشان، منداڵەکان بۆیان گێڕامەوە:

- مامۆستا، هات گوتی: ئێوە دەبوایە لای مامۆستای وەرزشتان بگرتایە! چونکە هاوزمان‌و هاوشاری خۆتانە. گوتی گوایە تۆ غەریبیت‌و چەند مانگێکی تر لەم شارە دەڕۆی. ئێمەیش گوتمان: مەسەلە غەریبی‌و هاوشاری نییە. جەنابی فلان کەس ژنبازی ناکا، کەچی مامۆستای وەرزش ژنبازی دەکا. ئەمە پەیوەندی بە غەریبی‌و هاوشارییەوە نییە.

پاشان کە دیتی بۆڕمان دا، قسەکەی گۆڕیو بە تۆی هەڵداو گوتی: من مەبەستم ئەوە نییە بێ ڕێزی بەرامبەر جەنابی...بکەم. هەموو منداڵەکان لە قاقای پێکەنینیان داو ناچار بوو پۆلی جێ هیشت.

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو فێرکردن مامۆستای وەرزشی لە قوتابخانەکەمان لابردو بە شێوەیەکی کاتی، لە بەڕێوەبەرێتیدا، بە کارێکەوە خەریکی کردو پەیوەندی بە قوتابییەکانەوە بڕی. خانمی(ا)یش لەوە بە دواوە، هەمیشە پەستو غەمگین بو. قسەی لەگەڵ کەس نەدەکردو. لە من مووڕ دەبووەوەو زەق زەق تەماشای دەکردم.

***

لەبەر چەند هۆیەك لە شاری (س) ڕۆیشتم:

ا- بە هۆی بڵاوبوونەوەی (چرایەك لە سەر مادیان کۆ)وە، یەکێ لە دەرەبەگە دەسەڵاتدارەکانی ئەو ناوە ددانی لێ جیڕ دەکردمەوەو پەیامو هەڕەشەو..

ب- شارەکە شارێکی بچووك بوو. وەکوو گای ناوچەوان بەش پەنجەیان بۆ درێژ دەکردم. لە جادەدا، لە ناو کۆڵاناندا، لە چایخاناندا،

لەگەڵ برادەراندا، فەرمانبەرێکیان بە دوودابووم. مێشکم لە سەردا نەمابوو. دەیانەویست بە برادەراتی بۆم بێن، سەری نەگرت.

ج –ئازاری جووچکەی نیمچە رۆشنبیری ریشنو تازە لە هێلکە جووقاوو کاڵو بێ ئەزموونو کێرنەهاتی. ئەوانە غیرەتیان نەبوو روو بە روو قسە بکەن. وەکوو پیرەژنی هەلەوەڕو بێوەژنی چەنەباز ، پاش ملە، بوختانیان هەڵدەبەستو پڕوپاگاندەیان دەکرد. قسەیان دەکردو خەڵکیان تیخ تیخە دەداو...نازانم چی؟ من لە پۆلدا، هێرشم نەدەکردە سەر بیرو باوەڕی ئایینی مندالآن. مندالْ پێویستە بزانێ لە چ بارودۆخێکدا دەژی. پێویستە بزانێ چ ناهەمواریيەك هەیە. پێویستە بزانێ بۆچی ژمارەیەکی کەم هەموو سامانو بەهرەی ژیان بۆ خۆیان دەبەن کەچی زۆربەی خەڵك بێ بەشن. مندالْ پێویستە فێری رێبازی تێکۆشان ببێ دژی ستەمکاریو زۆرداری. پێویستە بزانێ ناکۆکییەکانی کۆمەڵەکەی چین؟ پێویستە لە رێبازی راستودروستی خەبات کردن بگات. لە هەمان کاتدا، مندالْ پێویستە بزانێ سووکایەتی بە بیرو باوەڕی ئایینی خەڵك نەکا. رێزی مرۆڤی بێ بەشو زەحمەتکێش بگرێ. سووکایەتی کردن بە بیرو باوەڕی ئایینی خەڵك

نیشانەی بێ ئەقڵییە، بەڵام پێویستە خەباتی ئایدۆلۆجی لە دژی بیرو باوەڕی خەرافیو لە دژی دەمارگیری وشكو ناماقوول بكا.

دیتم شاری (س) چیتر جێگای مانەوەی من نییە. ماسی ناتوانێ لە ناو گەناودا بژی. بۆن بۆگەنی دەگرێ. خەڵك لەو شارەدا، ئێستایش لە هەل‌و مەرجی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژیان وەکوو هەموو شارێکی بچووك‌و دوور لە دیاردەی تەکنۆلۆجی. هەر ئەو ساڵە، بورجی تەلەفزیۆنیان لەوێ دامەزراند. کۆلکە مەلاکان کۆمەڵێ قەمەکێشیان هان دا بە بەردو کوڵنگ‌و بێرەم کەوتنە گیانی بورجەکە. ئەوەبوو شارەوانی هاتە ناوەوەو پەرتەوازەی پێ کردن.

با پارچەیەکی نامەی یەکێ لە قوتابییەکان بێنینەوە:

(دوێنێ چوومە کتێبخانەی ( نیدای ئیسلام). گوتم کتێبی( لەگەڵ منداڵانی گوندەکەمان)م دەوێ، کتێبفرۆشەکە گوتی: کتێبی فلانە کەس مەخوێننەوە. گومڕاتان دەکا. خراپە. ئینجا باسی چەند کتێبێکی کرد کە بیانخوێنمەوە. مامۆستا زۆر ناڕەحەت بووم. پێم

چەقاندو نەڕۆیشتم تا سەری قەرەبالغ بوو، ئەوسا پێنج شەش کتێبم لە بن هەنگڵم ناو رام کرد).

ئاخیری، شاری ئەو منداڵە باشانە، ئەو شارەی بیرەوەریی شیرینی لە دڵمدا هەبوو، شاری خەڵکی رەنجەڕۆو میهرەبانم جێ هێشت. سڵاوو ماڵاوا ! !

***

(٤)

من وامدەزانی بارو دۆخی خوێندنی منداڵان، هەر هیچ نەبێ، لە ناو پارێزگا باشترەو مامۆستاکان زیاتر بایەخ بە پەردەو فێرکردن دەدەن. حەیف!! سیو شەش قوتابی پۆلی پێنجەمینم هەبوو، رێك، سی (٣٠) کەسیان (زێدڕەوی ناکەم) ئەلف و بێی فارسییان نەدەزانی. لە باتی (ف) دەیاننووسی (ت). نازانم مامۆستای پۆلەکانی پێشوو لە سەر چ بنەمایەك و لە سۆنگەی چییەوە دەریانچواندبوون..

لە شاری (س)دا، بە درێژایی رۆژ دەوام هەبووو دەرزمان بە منداڵان دەگوت، کەچی لە ناو پارێزگادا، لەبەر کەمیی بینا، دەوام نیو رۆژ بوو. بە ماوەی سێ سەعات دەتوانین چ بە منداڵان بڵێین؟ بە چ لایەکی کارەکە رادەگەین؟ بە ماوەی سێ چارەکە سەعات، دەبوایە فڵانە بابەتی مێژوو، یان زانست، یان جوگرافیایان بۆ روون بکەمەوەو لەبەر ئەوەی. ئەلف و بێی فارسییان نەدەزانی، ناچار بووم شتە سەرەکییەکانم لە ناو دەقی کتێبەکە دەردەهێناو لە سەر تەختە دەمنووسییەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش بینووسنەوە. تا دەقەکەم روون دەکردەوەو بۆم شی دەکردنەوە، زەنگ لێیدەدا. قوتابی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی نەیدەتوانی (٤٠) دابەش (٢) بکا. دەمگوت (پێنج

لا)یەك لە سەر تەختە بکێشە. ئەو ( سێ گۆشە)یەکی دەکێشا. ئەنجام بەوە گەیشت لە کۆتایی ساڵدا، ژمارەیەکی زۆر لە قوتابییەکان کەوتنو پەروەردەو فێرکردنی هەرێمایەتی نامەیەکی بەو ناوەرۆکەی خوارەوە بۆ ناردم

ڕۆژی ٥٦/١٠/٢ ژمارە: ٨٠٤٦٩/٦

وەزارەتی پەروەردەو فێر کردن

بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەو فێر کردنی پارێزگای کرماشان

بۆ بەرێز....مامۆستای قوتابخانەی...

لەبەر ئەوەی رێژەی دەرچوونی قوتابییانی پۆلی پێنجەم، کە لە عۆدەی ئێوەدایە، لە تاقی کردنەوەی جۆزەردانی ٢٥٣٦ دا، لە سەدا (٢٣) یە، پێویستە زیاتر هەوڵ بدەن بۆ پەروەردەو فێرکردنی قوتابییان.

بەڕێوەبەری گشتی

پەروەردەو فێر کردنی پارێزگای کرماشان

وازم لە هەموو شتێ هێنا. وازم لە ئیش هێناو...ئەم نامەیەی خوارەوەم بۆ بەڕێوەبەری گشتی پارێزگا نووسیو رەوانەم کرد:

بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەو فێر کردنی پارێزگای کرماشان

بەڕێز... بەڕێوەبەری گشتی

لە وەڵامی نامەی ژمارە: ٨٠٤٦٩/٦ ی رۆژی ٥٦/١٠/٢ تاندا، لە بارەی ئەوەوە کە (لەبەر ئەوەی رێژەی دەرچوونی قوتابییان ٢٣٪یە...) دەڵێم:

پار، بە ناچاری، چوار رۆژ مۆڵەتم وەرگرت. سێ چوار رۆژ درەنگ چوومە قوتابخانە. ئەو کاتەی من لەوێ نەبووم، مامۆستاکان بۆ ئەوەی رێژەی سەدی دەرچوونی قوتابییانیان بەرز بێ، کام قوتابی نمرەی باش بوو هەڵیانبژاردبووو بۆ خۆیان بردبوو. کۆمەڵە قوتابییەکی تەمبەڵو بە راستی نەخوێندەواریان بۆ من هێشتبووەوە. لە (٣٦) قوتابی پۆلی پێنجەمی من، رێك (٣٠) کەسییان ئەلفو بێی فارسییان نەدەزانی. سەرنج لەم حاڵەتە هەرە گرنگە بدەن. چەند جار بە زار، بە بەڕێوەبەری قوتابخانەم راگەیاند. فایدەی نەبوو. یەك دوو مانگ ئەلفو بێی فارسیم بە قوتابیانی پۆلی پێنجەم گوت. پرسیار ئەوەیە: چۆن دەبێ چاوەدێرییەکی ورد بە سەر تاقی کردنەوەی پۆلی یەکەم تا

چوارەم نەکریّو ئەنجام ئەو جۆرە قوتابییانە بگەنە پۆلی پێنجەم؟ کیّ بەرپرسی ئەو کەمتەرخەمییەیە؟ چۆن دەبیّ قوتابی پۆلی پێنجەم کۆکرنەوەوەو لیّ دەرکردنی ژمارەی یەك رەنووسی نەزانیّ؟ نەتوانیّ دوو دێر دارشتنی فارسی بنووسیّ؟ ئاشکرایە قوتابی لە نووسەوەریو ژمارە سفر وەردەگریّ (دارشتن، لە راستیدا، بووە بە دەرزێکی رواڵەتی). مامۆستا ناچارە نمرەی بابەتی (رەوشت)و (کاری دەست)و (وەرزش)و (ئایین)و...بەرز بکاتەوەو قوتابی بە سوود وەرگرتن لە رێنماییەکانی مانگی ئاب دەردەچیّو ساڵی پاشی هەموو کاسەو گۆزەکان لە سەری مامۆستای پۆلی پێنجەم دەشکێن!

بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی،

راستیی تاڵو ناخۆش ئەوەیە ( بینا لە بناغەوە وێران بووە). ئەگەر مامۆستا ببیّ بە ئاگریش، لەبەر ئەو هەلو مەرجە نالەبارەی هەیە، ناتوانیّ سوودێکی باش بگەیەنیّ. بەڕێوەبەرێتی تەنیا دەیەویّ، بە هەر جۆریّ بیّ، ژمارەی دەرچوونی منداڵان زیاد ببیّ (با شایانیش نەبن). زۆربەی مامۆستاکان وەکوو داری وشك دەچنە پۆلو دێنە دەرەوەو کات بە ریّ دەکەن. لە هەلو مەرجی ئەو دەوامە نیورۆژەیە، مامۆستا ئەگەر بشیەویّ بە چاکی دەرز بڵێتەوە، ماوەی نییە. هەر دەگاتە پۆل

زەنگی پشوو لێ دەدرێ. مامۆستای پۆلی پێنجەم پێویستە دەریای زانیاری بێ. دەبێ (بیرکاری) بڵێتەوە، دەبێ (ئەدەبی فارسی) بڵێتەوە، دەبێ (زانیاری) بڵێتەوە، دەبێ (مێژوو)و(جوگرافیا)و( شارستانی)و (هونەر)و... بڵێتەوە. بە چ زانیارییەك؟ بە چ ماوەو دەرفەتێك؟ چ لە مامۆستایەك چاوەڕێ دەکەن کە نەزانێ دوو دێر داڕشتن بنووسێ؟ پار، داوام لە بەڕێوەبەری قوتابخانە کرد روخسەت بدا دوای نیوەڕۆیان بێ هیچ پاداشێکی مادی دەرزی زیادە بە منداڵان بڵێم. گوتی لە بەر ئەوەی دەرزەکە رەسمی نییە، ئەگەر منداڵێك قاچی بشکێ، ئێمە لێپرسراو دەبین. کۆمەڵێ بیانووی سواوو پڕو پووچی هێنایەوە. پێمگوت: حاڵەتی پۆلەکەی من بە بەڕێوەبەرێتی گشتی بگەیەنە، خۆی لێ بێ دەنگ کرد.

ئەمە هەمووی بە جێی خۆی. منداڵ لە سێ مانگەی زستان، یەك مانگ دەوامیان نەبوو. مانگەو مانگ رەنگی تەباشیرمان نەدەدی. ناچار بووین لە گیرفانی موبارەکی خۆمان تەباشیر بکڕین. با واز لەوەیش بێنین. منداڵەکانی پۆلی من لە هەژارترین و بێ بەشترین توێژی کۆمەڵ بوون. کە لە قوتابخانە دەردەچوون، لە کۆڵانان دەسووڕانەوە. نە جلێکی باش و نە هاندانێك لە لایەن دایبابیانەوە. نە رابواردنێکی لە بارو زۆربەی پاشماوەی ئەو رۆژەیش کاریان دەکرد.

بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی:

من ژیانی خۆم بۆ پەروەردە کردنی منداڵان تەرخان کردووە. پڕ بە دڵ خۆشم دەوێن. ساڵان، من ڕێژەی دەرچوونی قوتابییەکانم لە سەدا سەد بوو، بە ڕاستی هەڵەیەکی ترسناکە لە ڕوانگەی ڕێژەی دەرچوونی قوتابییانەوە تەماشای پەروەردەو فێر کردن بکەین. گرنگ ئەوەیە وەچەی دوارۆژمان بە چاکی پەروەردە بکرێ. مرۆڤی واقیعی بێنە کایەوە. مرۆڤگەلێ بن فیداکاری و لێبرسینەوەو ئەشقی خەڵکیان هەبێ، بتوانن بە ڕاستو دروستی بیر بکەنەوە، نەك وەکوو داوەڵی سەر خەرمان وابن، یان ببن بە بورغیو مەنگەنەی بیرۆکراتی. پەروەردەو فێر کردن مەکەن بە کارخانەی بڕوانامە. نابێ پێوەری ماندووبوونی مامۆستا ژمارەی دەرچوونی قوتابییان بێ!!

بە کورتی، هەر ئەوەندە دەڵێم: نە سەرزەنشتی ئەم بەڕێوەبەرێتییە ساردم دەکاتەوەو نە هاندانی، ڕشتو گەرمم دەکا لە سەر کار چونکە بە تاقی کردنەوە بۆم دەرکەوتووە هیچ پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندن لە ئارادا نییە. بۆچی کەس ناڵێ مامۆستا نابێ لە ناو پۆل جوێنی چوارپێیانە بە منداڵان بدا؟ نابێ وەکوو سەگ دارکارییان بکا!؟ بۆچی کەس داوا لە مامۆستا ناکا کاتی دەرز نەخوا؟ چارەکێ خۆی لە ژووری مامۆستایان نەگنخێنێو چارەکێ لە ڕاڕەوەکە پیاسە

نـەکاو ئـەو چـارەکەی مایـەوەیش بـە سـەر منداڵانـدا هـاوار نـەکا: بێدەنگ!! یان نمرەی خۆڕا بە قەتابیان نەدا. ئەویش بۆ خاتری چاوو برۆ، یان ناسیاوی لەگـەڵ مـامو خـاڵو بـاپیری قوتابییەکـە، یـان بـە بیانووی بەزەیی پێدا هاتنەوە گوایە منداڵەکـە بـاوکی نییـەو فـەقیرەو پێویستی بە نمرە هەیە؟

سەیر کەن! زۆربـەی مامۆسـتایان حاڵیـان بـە چـی گەیشـتووە، لـە کاتی پشوو، لە ژووری مامۆستایاندا، ئەوەی باسی نەکـەن پـەروەردەو فێرکردنی منداڵانە. یـان باسـی کـورت کردنـی قـژی سـەری فلانـە ژنـی ناسراو دەکەن لـە پشـت ئـامێری کـامیرا، یان باسـی ئـارەق خـواردنی شەوانە ، یان باسی خوێڕیاتیو تەماشا کردنی گۆڤاری جنسی دەکەن.

بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی،

ئێستا کە دەرفەتم بۆ هەڵکـەوتووە، بـە ئـەرکی سـەر شـانی خـۆمی دەزانم بە ئاشکرا هێشوویەك لە خەرمانی گیروگرفتـی پـەروەردەو فێـر کردن باس بکەم. لێپرسراویشم لە هەموو قسـەکانمو تکاتـان لێ دەکـەم لە قسە راستو دروستـەکانم ورد بنـەوەو مـۆری ئـاژاوەگێڕیو قـین لـە دڵی و مۆری ترم لێ نەدەن.

لەگەڵ رێزمدا

ڕوخسەت بدەن چەند بیرەوەرییـەکی کـورتو پـوختی بـێ بنـەمایی پەروەردەو فێرکردن باس بکەم کە هـیچ پەیوەنـدی لەگـەڵ ئـەزموونو تاقی کردنەوەی بەرچاو نییە:

پرسیار: نەهەنگ بە چی هەناسە دەدا؟

یەکێ لە قوتابییەکان نووسیبووی: بە ددان.

– چی لە بارەی نادر شاوەو دەیزانی بینووسە.

وەڵام: نادر شا، هەم لە وشکاتی دەژیو هەم لە ناو ئاو.

– هاوین چیتان کرد؟

یەکێ لە منداڵەکان نووسیبووی:

– چەند کتێبێکم خوێندەوە...

پرسیم:

– ناوی یەکێ لەو کتێبانە بڵێ کە خوێندوتتەوە.

قوتابییەکە بە سادەیی گوتی:

– مامۆستا، ئێمە داڕشتنمان نووسی.

ئاشکرایە، مامۆستای پێشوو بردبوویە مێشـکی ئـەو منداڵانـەوە کـە داڕشتن یانی خەیاڵبازیی، یانی درۆ هەڵبەستن، یانی بە هەر جۆرێ بـێ سەرو کلکی بابەتەکە لێك گرێ بدەیتو لاپەڕە رەش کەیتەوە.

دەیان ساڵە، بابەتی دارشتن لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەدا دەرنەچووە: (باسی بەهار بکە). ( زانست باشترە، یان سامان؟) (پێویستە ریزی دایبابمان بگرین)( سوودی مەڕو رەشەوڵاغو سوودی باران چییە)و... ئەو شتە تڕوهاتانە.

وانەی دارشتن دەبێ وانەی گفتوگۆو رەخنە لە خۆگرتنو دەردەدڵو داهێنانو کتێب خوێندنەوەو وانەی ئاشنابوونی قوتابی بێ بە دەوروبەری خۆیو بەو دونیایەی تێیدا دەژی. کەچی شتەکە بە ڕاستی بووە بە مەسەلەی ژیان. مامۆستا لە پشت مێزی شلو شۆق دادەنیشێو حیساب دەکا چەند رۆژی ماوە بۆ سەری مانگ؟ ئایا دەتوانی کرێی خانووەکەی بدا؟ منداڵەکەی نەساخە، ئایا دەتوانێ بیباتە نەخۆشخانە؟ ئایا دەتوانێ قستی تەلەفزیۆنو سارنجو سەیارەکەی بدا؟

لە گوندی (چارملان) لە منداڵەکانم پرسی، بە زمانی کوردی لێمپرسین:

- ماسی لە کوێ دەژی؟

قوتابییەك ناوی (یداللە) بوو. دەستی هەڵبڕیو گوتی:

- بە روخسەتت مامۆستا، لە سەر درەخت دەژی!

***

(٥)

چەند بیرەوەرییەك لە بارەی پەروەردەو فێر کردنەوە:

(١)

مامۆستا (ك) نارەحەتو پەشۆکاو بوو. خۆی گوتی یەکێ لە قوتابییەکانی لە ناو پۆل زەکەری دەرهێنابووو پێشانی منداڵانی دابوو. ئینجا کە مامۆستا نارەزایی دەربڕی بوو، قوتابییەکە چەقۆی هەڵکێشا بووو هەڕەشەی لێ کردبوو. قوتابییە هەڵەپاسەکە تەمەنی یازدە ساڵ بوو. بە چاوی پڕ فرمێسكو بە سیمای ژاکاوو بزرکاو لە بەردەم ژووری مامۆستایان وەستا بووو سەری دانەواند بوو. بڕیار بوو کۆبوونەوەی لە سەر بکەنو لە قوتابخانە دەری بکەن. یەکێ لە مامۆستاکان کەوتە بەینو گوتی:

(لێی خۆش بن. لە هیچ جێگایەك وەری ناگرن. واز لە خوێندن دێنێو داماو دەبێ).

ئەنجام، دوای گفتوگۆیەکی دووردرێژ، بڕیار درا قوتابییەکە لە ناو پۆل، تەوازۆ بۆ مامۆستاکەی بێنێتەوە. چاوەدێر بڕیارەکەی بە قوتابییەکە راگەیاند. قوتابییەکە رازی نەبوو.

قوتابییەکە باوکی نەبوو. ڕۆژی پاشـی، مامـەی هێنایـە قوتابخانـە. دیار بو لە ماڵەوە تا قوتابخانە هەر بـە مشـتو پێلەقـە لێیدا بـوو. لـە ژووری مامۆسـتایانیش لێیـداو پێیگـوت تـەوازۆ بـۆ مامۆسـتاکەی بێنێتەوە. قوتابییەکە بە هاتو هاوار گوتی:

– سەرم ببڕن تەوازۆ بۆ ئەم مامۆستایە ناهێنمەوە.

مامۆستایەك نەڕاندی:

– جاشـەکەر، تـەوازۆ بـۆ مامۆسـتات بێنـەوە، هـەی سـەگبابی بـێ وێڵ! عەنتەری داماو! ڕەوانەی پۆلی منی بکـەن. دەبـێ دەردێکی پـێ بکەم حەفت پشووی مەرگ بێ!! بڕۆ ڕانەوەستی، هەی گوێرەکە!

(٢)

دوێنێ، مامۆستایەك باسی کرد گوتی: چوومە پۆل بۆنی ئارەقم بۆ هات. بە پرسیاران ئارەقخۆرەکەم دیتەوە. تەمەنی دە ساڵ بوو. لە منداڵەکەم پرسی:

- چیت خواردۆتەوە؟

- مامۆستا، ئارەق!

- لەگەڵ کێ خوادوتتەوە، تۆخمە سەگ!

- لەگەڵ باوکم، مامۆستا.

مامۆستا لە دوو باوکی قوتابییەکەی نارد. باوکی قوتابییەکە دانی پێدا نا کە کوڕەکەی ڕاست دەکا. تا بەرەبەری بەیانی بە یەکەوە خواردوویانەتەوە.

(٣)

دەوری مانگێکە، یەکێ لە هاوڕێکانمان لە خانوویەکی چۆل دەگەڕێ، دەستی ناکەوێ. هەموو ڕۆژێ، بە کزیو مەلوولی دەخزێتە ژووری مامۆستایانو جگەرە لە سەر جگەرە پێ دەکاو دەچێتە ژێری. دەڵێ: دوێنێ خاوەن خانووەکەمان ویستی کەلو پەلەکانمان فڕێ بداتە کۆلانێ. هەموو گەڕەکەکانی شارو هەموو کونو قوژبنێك گەڕاوم، ژوورێکی چۆل دەست ناکەوێ. ئەگەر هەشبێ لەگەڵ باری دارایی من ناگونجێ.

دەڵێ: خۆیشم نازانم لە ناو پۆل چ دەڵێم!! بە دەست خۆم نەبوو ئەمڕۆ لە دەرزی بیرکاری هەلەم کرد. هەستم لای خۆم نییە.

دوای ماوەیەك. ئاخیری، ژوورێکی بچووکی دەست کەوت. نزیکەی نیوەی مووچەکەی دەداتە کرێی ئەو تاکە ژوورە. مووچەکەی ئەوەندە نامێنبێتەوە بتوانێ ساڵێ دەستە بەرگێکی نوێ بکڕێ، بتوانێ جگەرە بکڕێ، بتوانێ بچێتە سینەما. دەبێ قنیات بە نانو پەنیر بکاو وەکوو مۆم بسووتێو گەرمیو روناکی بە منداڵان بدا.

(٤)

ڕۆژێ، لە باتی یەکێ لە مامۆستاکان چوومە پۆل. دەرزی سێیەم فارسییان هەبوو. بابەتەکەیان (تۆفانی نووح) بوو. بە منداڵەکانم گوت: هەروەکوو لە پێشەکی ئەم دەرزەدا هاتووە، مەبەست لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەوەیە ئێوە ئاشنایەتی لەگەڵ پەخشانی کۆن پەیدا بکەن، ئەگەرنا بەسەرهاتی نووح ڕاست نییە. ناکرێ یەکێ ئەو تەمەنە درێژەی هەبێ. خۆتان دەزانن لەشی مرۆڤ لە خانە پێك هاتووەو خانەکان لەگەڵ تەمەندا، دەپووکێنەوەو لە ناو دەچن. ئەگەر باوەڕمان وا بێ نووحیش مرۆڤ بووە، نابێ ژیانو مەرگی ئەو لە یاسای ژیانو مەرگی مرۆڤی تر بە دەر بێ.

ڕۆژی پاشی، دیسان مامۆستای پۆلەکە نەهاتبوو. ئەم جارە حاجی ئاغا چووە پۆلەکە. باسی حاجی ئاغاتان بۆ بکەم: لە لایەکەوە، دەرو دیواری هەموو کردبوو بە دروشمی ئایینیو لە لایەکی ترەوە، بەقامچی ڕەشو ڕوحتەزێن لە منداڵانی پۆلەکەی دەدا دەیگوت بۆچی شارەزای ئایین نین؟ بۆچی (غ) بە (ق) دەردەبڕنو لە بنی گەرووەوە دەری ناهێنن؟ بۆچی نوێژ ناکەن؟ بۆچی شەوێ دی لە دیار تەلەفزیۆن دانیشتوون؟ بۆچی دەچنە سینەما؟ بۆچی ناچنە مزگەوت؟ هەر ڕۆژە، بەلێپێکی بە منداڵەکان دەگرتو وەك کەر دارکاری دەکردن.

حاجی ئاغا چووبووە پۆل . یەکێ لە منداڵەکان گوتبووی: فڵانە کەس دەڵێ: ناشێ نووح هەزار ساڵ ژیابێ! ( تۆفانی نووح) ئەفسانەیە.

حاجی ئاغا ریشی خۆی دەرهێنا بووو جوێنی دابووو لە ژووری مامۆستایان هەراو هۆریایەکی وای نابووەوە، هەر مەپرسە ! !

بەڕێوەبەر چووبووە پۆلو گوتبووی: لە روانگەی ئایینییەوە، حاجی ئاغا راست دەکا بەڵام لە روانگەی زانستییەوە، قسەی فڵانە کەسە.

(٥)

ئەمڕۆ، دایکی یەکێ لە منداڵەکان، کە کوڕێکی تری لە پۆلی تەنیشت پۆلی من دەیخوێند، هاتە لامەوە گلەیی کرد کە مامۆستای کوڕەکەی تری لە پۆل جوێن دەدا. ئینجا گوتی:-

- مامۆستا رەفتاری وا بێ، وای بە حاڵی منداڵان!!

* * *

## دوایی

لەم دەفتەرەدا، مەبەست ئەوە بوو سەرنجێك لە بارو دۆخی پەروەردەو فێرکردن بدەین‌و لەم بیرەوەرییەدا، کۆمەڵێ گیروگرفتی پەروەردەو فێرکردن باس بکەین. خۆشبەختانە، مامۆستای دڵسۆز، رۆژ بە رۆژ، ژمارەیان زیاتر دەبێ. لە هەر بارودۆخێکدا بن، بە پێی ئەو بارودۆخە شیوازی نوێ بۆ پەروەردەو فێرکردنی منداڵان بە کار دێنن. بە ئەنقەس نەمویست لەم دەفتەرەدا، بگەڕێمەوە سەر مەسەلە ریشەییەکان و بە ئەنقەس خۆم لە پێشنیاری چاکسازیی بە دوور گرت. ئەگەر بڕیار بێ کارێك بکەین، پێویستە کارەکە ریشەیی بێ‌و پێویستە بینایەکی تازەو پتەو لە سەر وێرانەو دارو پەردووی کۆن رۆبنێین. ئەو زەوییەی دڕك‌و دارێکی زۆری لێ روا بێ، پێویستە بیکێڵین، نەك هەر دڕك‌و دارەکەی لێ بژار بکەین. پێویستە لە هەر دیادەیەکەوە، لە هۆو ئامانج‌و کاریگەری لە بەرامبەر بکۆڵینەوەو بنچینەی چەندێتی‌و چۆنێتی لەبەرچاو بگرین‌و پەیوەندی لەگەڵ پەرژەوەندی ئایندەو سوود وەرگرتنی لە تاقی کردنەوەی پێشینان بخەینە روو.

برادەرێك دەستنووسی ئەم دەفتەرەی خوێندەوەو گوتی:

- راست نییە ئەمە بڵاو بکەیتەوە. تۆ رەگ و ریشەی مەسەلەکەت نیشان نەداوە . بایەخت بە وردە شتەکان داوە. لە وەڵامی ئەو برادەرەدا دەڵێم:

- دەتوانین لە شتی وردەوە بگەینە شتی گشتیو لە شتی گشتییەوە بگەینە شتە وردەکان. واتە ئەو شتانەی لە ناو کۆمەڵی نەخوێندەواردا هەن. لە گونددا، بایەخدان بە بەیداخی سەوزو کۆنی سەر قۆپەنە چقڵو بەردێك نیشانەی خەرافاتو کزیی رۆشنبیری ئەو ناوچەیەیە. ئایا لە پێشاندانی ئەو مەسەلەیەدا، چیمان دەست دەکەوێ کە شارێکی چەند هەزار نەفەری تەنیا دوو کتێبخانەی گشتی لێیەو هەمان شار چەندەها دوکانی چەقۆفرۆشیو دەیان دوکانی مەیفرۆشیو دەیان دوکانی کاسێتفرۆشی تێدایە؟

بەڵێ، دەتوانین لەو ناوچەیەدا زۆر شت بدۆزینەوە. دەتوانین چەند کتێبێکی لە سەر بنووسین. بێ گومان خەڵکی تر سەرنجی وردتریان لە سەر ئەم مەسەلەیە هەیە. من لەم دەفتەرەدا، تەنیا ئاماژەم بۆ بەشێکی ناتەواو کردووە. تاقی کردنەوەی تاکە کەسی مەرج نییە هەمیشە تەواو بێ. مەسەلەو گیروگرفت زۆرەو بەرژەوەندی ئایندە شادو رۆشنەو جێگای ئومێدە. با هەوڵ بدەین بە پێی توانای

خۆمانـەوە سـوودمان ببـێ. شـێوازی کـۆن لـە ژێـر تـەوژمی ئاینـدەدا دەرووخێو هێزی کۆن کە رێگا لە گەشەسـەندنو پێگەیشتنی ژیـان دەگرێ، ناچارە جێگا چۆل دەکا بۆ ئەوەی نەوەی ئایندە بە چوسـتو چـالاکیو بــە تەندروســتیو بــە گــوڕو تینــەوە، لــەم مەیدانــە تۆفانگرەوەیـەدا، راسـت بێتـەوەو زایەلـەی پێکـەنینی پـیرۆزو شـادی بەخشو چالاکی خۆشبەختی بخاتە دڵانەوە.

ئاماژە بۆ چەند خاڵێکی تر دەکەمو کۆتایی بەم دەفتـەرە دێـنم بـۆ ئەوەی بە بڵاو کردنەوەی ئەو جـۆرە بیرەوەرییـە، ئـەو مامۆسـتایانەی تاقی کردنەوەی بە سوودیان لەم بارەیەوە هەیە لە لێکۆڵینـەوەی ئـەم بابەتە بەردەوام بن.

لە هەندێ شوێنی ئەم دەفتەرەدا، ئاماژە بـۆ دەوری کۆلکـە مـەکان کراوە کە بەرگی خورافییان لە بـەر کـاکڵی بـاشو پێشـکەوتووی بـیری ئایینیدا کردووەو بە ئەنقەس دەیانەوێ سەراپای دروشمـی مرۆڤایـەتی ئایینی پاکی ئیسلام بکـەن بـە گریـەو هـاتو هـاوارو بیـدەن بـە گـوێی خەڵکدا. ئەگەر هێرشێك کرابێ، یان دڵتەنگییەك نیشان درابێ، چـزووی هێرشەکە ئاراستەی ئەو کەسانە کـراوە کـە فـیزی پاسـەوانێتی کردنـی ئایین لێ دەدەن.

شتێکی تریش: ئەگەر نموونەی هەندێ مامۆستای کەمتەرخەم لەم دەفتەرەدا باس کراوە، ئەمە بەڵگەی ئەوە نییە کە مامۆستای باش کەمە! من تەنانەت ئەو نموونە خراپانەیش بە کەمتەرخەم نازانمو تاوانباریان ناکەم. تاوان تاوانی ئەو بارودۆخەیە کە ئەو جۆرە مامۆستایانەی تێدا دروست بووە. ئەوانە قوربانیی بارودۆخی ستەمکاریی کۆمەڵایەتین. مامۆستاکان زۆر کەسی خۆبەختکەرو دڵسۆزو میهرەبانو لێوەشاوەیان تێدایە. ئەگەر عومر ما، لە ڕۆژانی دادێ، دەفتەرێك لە بارەی خۆبەخت کردنو ژیانی پڕ جۆشی ئەو مامۆستا ڕاستەقینانە دەنووسم. ئەگەر منیش شتی وا نەکەم، غەم ناکا، هی تر هەن دەیکەن.

مەنسوور یاقووتی

٥٦/١٢/٢٣

وەرگێڕ

عەزیز گەردی

بەحرکە ٢٠٠٨/٦/١٥

وەرگێڕ ئەم بەرهەمانەی مەنسوور یاقووتی کردووە بە کوردی:

١- تووشای، هەولێر، ٢٠١١ .........(کۆمەڵە کورتە چیرۆك)

٢- کرمانج، سلێمانی، ٢٠١١ .......................(رۆمان)

٣- چرایەك لە سەر مادیان کۆ، سلێمانی، ٢٠١٢......(رۆمان)

٤- ئەفسانەی لادێنشینانی کورد، هەولێر، ٢٠١٢ (ئەفسانەی میللی)

٥- بیرەوەرییەکانی مامۆستایەك،، هەولێر،٢٠١٣......(یادداشت)

# بیرەوەرییەکانی مامۆستایەک



نارین
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە/هەولێر
تەلەفۆن: ٢٥١١٩٨٢ ٦٦ (٠٠٩٦٤)
www.nareenpub.com